بۆ دابینکردنو مسۆگەرکردنی مافەکانی تاک لە کوردستان




# پارتی لیبرالی کوردستان

www.lpok.org
liberalparty@lpok.org

لە پێناو کوردستانێک کە تیایادا :
ڕێز لە کەسایەتیی مرۆڤ بگیرێت
ڕێز لە ئازادیی بگیرێت
ڕێز لە دیموکراسی بگیرێت
ڕێز لە هاوسانیی بگیرێت
ڕێز لە دەسەڵاتی یاسا بگیرێت
ڕێز لە مافەکانی مرۆڤو کەمایەتیەکان بگیرێت

لە پێناو:
ئازادیی
پلورالیزم
نەمانی چەوساندنەوە
هاوسانیی
دڵفراوانیی
دادگوزاریی
هاوکاریی
هۆشمەندیی
بزووتنەوەی ئێمە، لیبرالانی کوردستان، لەدایک بوو

Liberal Party of Kurdistan

# بۆچی پارتێکی نوێ

هەرگیز نابێت لە یادمان بچێت کە کوردستان و نەتەوەی کورد تەنها بەشێک نین لە وڵاتە داگیرکەرەکانی خاکەکەمان، بەڵکو ئێمە بەشێکین لە جیهان، بەشێکین لە هەموو گۆڕانێک و بەشێکین لە هەموو پێشکەوتنێک. چۆن بەشێک بووین لە ڕابووردوو، بەشێکین لە ئەمڕۆ و سبەینێش.

جیهانی پاش جەنگی جیهانیی یەکەم و دووهەمی سەدەی رابوردوو و جەنگی ساردی نێوان بەرەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، جیهانێک بوو کە کوردی لە گشت بوارێکەوە هەراسان کردبوو، جیهانێک بوو کە تیایادا چالاکانە کار دەکرا بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد، تیایادا چالاکانە کاردەکرا بۆ بچووک کردنەوەی نەخشەی کوردستان و زەوتکردنی خاکی کورد. لە سەدەی رابوردوودا کوردی قەلەندەر بە درێژایی سەدەکە تاکە میللەتی سەر رووی زەمین بوو کە نە رۆژئاوای لەگەڵ بوو نە رۆژهەڵات، بۆیە شۆڕشەکانی کورد، گەر بە گشتی بنوارینە سەدەکە هەمووی، لە رواڵەتدا شۆڕش نەبوو بۆ ئازادیی خاکی کوردستان، بەڵکو شۆڕش بوو بۆ رێگانەدان بە لەناوبردنی کورد. شەڕی کورد شەڕی مان و نەمان بوو بەرانبەر بە پان ئێرانست و شۆڤینیزمی عەرەبیی و تۆرانییەتی تورک. سەدەی رابوردوو ئەوەندە سەخت بوو بۆ کورد، کە کورد تیایادا خەباتی دەکرد بۆ ئەوەی کە دوژمنانی کورد دان بەوەدا بنێن کە کورد هەیە. لە سەدەی رابوردوودا کێشەکەمان کە لە راستیدا کێشەی خاکێکی داگیرکراوە گۆڕا بە کێشەیەکی کولتووریی. لە باتی ئەوەی کە خەبات بکەین بۆ ئازادیی کوردستان، خەباتمان کرد بۆ بەدەستهێنانی مافە کولتووریەکانی کورد.

رێکخراوە کوردیەکانی سەدەی رابوردوو پێیان نەدەکرا لەو سەردەمە کوردکوژە بەدفەڕدا خاوەن بەرنامە بن. خاوەن سیاسەتێکی کۆمەڵایەتیی بن، خاوەن سیاسەتێکی ئابووریی بن، تەنها پێیان دەکرا شەڕ بۆ مان بکەن. ئەمەش لە هەموو شتێک گرنگتر بوو چونکە مانی کورد و مانی بزووتنەوەی چەکداریی کورد بەیەکەوە گرێدرابوو، هەر بۆیەش ئەم رێکخراوانە پتر رەنگی ئەرتەشیی و سەربازییان لێنیشت و پێویستییان بە خەڵکی شەڕکەر پتربوو لە پێویستییان بە سیاسەتزان و کۆمڵناس و ئابووریناس. هەر بۆیەش بەشی رێکخستنی سیاسیی ئەم پارتانە، جا چ رێکخستنی ناوشاریان بێت یان رێکخستنی شاخ هەمیشە لە خزمەت بەشی سەربازیی پارتەکاندا بووە.

ئەمڕۆ دوێنێ نییە. سەردەم گۆڕانی بەسەرداهات. ئەمڕۆ نە سەردەمی کۆمۆنیزمە و نە سەردەمی کاپیتالیزم. سەردەم سەردەمی گلۆبالیزمە. مەرجەکانی جیاوازە، پێداویستەکانی جیاوازە و ئامانجەکانی جیاوازە . بزووتنەوەی چەکداریی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لە پشوودایە. کورد خەریکە وردە وردە لە خەبات بۆ کولتوورێکی هەڕەشەلێکراو تێدەپەڕێت و روو لە خەبات بۆ سەربەخۆیی خاکی کوردستان دەکاتەوە. پێویستیمان بە چەکدار کەم بۆتەوە و پێویستیمان بە رۆشنبیر و پسپۆر پتر بووە. ئێمە ئەمڕۆ شەڕ بۆ مان ناکەین. بەڵکو خەبات بۆ بڕیاردانی چارەنووس دەکەین، پێداویستەکانی دوێنێ و ئەمڕۆمان یەک نین. بۆیە ئەمڕۆ پێویستیمان بە مۆدێرنکردنەوەی بزووتنەوەی رامیاریی میللەتی کوردستان هەیە. ئێمەش وەک گشت میللەتانی جیهان پێویستیمان بە گۆڕان هەیە، پێویستیمان بە بیرێکی نوێ هەیە، پێویستیمان بە نەوەیەکی نوێ هەیە، پێویستیمان بە رەوشتێکی رامیاریی، کۆمەڵایەتیی و ئابووریی نوێ هەیە، پێویستیمان بە پارتێکی سیاسی هەیە کە ئیفرازی ئەم سەردەمە نوێیە بێت. پێویستیمان بە پارتێکی سیاسی هەیە کە ستراتیژیەتێکی کوردستانیی نوێ دابڕێژێتەوە، کە خاوەن بەرنامەیەکی دیاریکراوبێت بۆ بنیادنانەوەی ساختمانی کۆمەڵگای کوردستانیی، ئێمە پێویستیمان بە پارتێکی رامیاریی مۆدێرن هەیە کە بەرنامەیەکی ئابووریی گونجاو بە کوردستان و سەردەمی پێبێت. بەرنامەیەک کە کوردستان هەمیسان بکاتەوە بە بەشێک لە جیهان. ئێمە پێویستیمان بە پارتێکی مۆدێرنە کە کولتووری سیاسیمان بگۆڕێت. کە ساختمانی پارت و عەشیرەت لە یەک جودا کاتەوە. ئێمە پێویستیمان بە سوڵتانێکی چاک نییە، بەڵکو پێویستیمان بە سیستێمێکی ئابووریی، کۆمەڵایەتی و رامیارییە کە رێگا بە کۆیلەیی بیر و لەش نەدات، کە وەفا تیایدا بۆ تاکە نەفەر نەبێت بەڵکو بۆ میللەت و بەرژەوەندیی میللەت بێت. پارادیگمی 2000، پارادیگمی 1900 نییە. پێداویستەکانی سەدەی نوێ، هەمان

پێداویستی سەدەی رابوردوو نیین. مادام پێداویستەکان و ئامانجەکان گۆڕان، کەواتە بێگومان پێویستیمان بە پارتێکی رامیاری جیاواز هەیە.

بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و ناوچەکە و جیهان، داوا لە رۆشەنبیرانی کوردستانی دەکەن، کە ئەلتەرناتیڤێکی میللی نوێ پێشکەش بە مرۆڤی کوردستانیی بکەن. بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و ناوچەکە، داوا لە رۆشنبیرانی کوردستان دەکات کە پارتێکی ئەلتەرناتیڤ پێشکەشکات. پارتێک کە لەسەرەتاوە بتوانێت پرۆژەیەکی رامیاریی دیار، پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی دیار و پرۆژەیەکی ئابووریی دیاری پێبێت. پارتی کۆن چۆن بایەخی بە شەڕکەر و چەکدار دەدا، دەبێ پارتی نوێمان بایەخیکی سەرەکیی بە رۆشنبیر و ئەکادیمی و پسپۆر بدات. ئێمە ئەمڕۆ لە قۆناغی شەڕی شاخدا نەماوین، ئێمە لە قۆناغی خەباتی شاردایین. پارتی نوێ دەبێ بەرەی حوکم لە ژێر پێی دەسەڵاتی زەبردەستانە (ئیستیبدادیی) راکێشێت و بیخاتە دەست میللەت. پارتی نوێ دەبێت بۆ پاراستنی میللەت، دەسەڵاتدار بکات بە کارمەندی میللەت. پارتی نوێ دەبێ بێ ترس خەبات بکات بۆ کوردستانێکی ئازاد، خەبات بکات بۆ کوردستانێکی دیموکرات، کوردستانێکی لیبرال، کە مرۆڤ تیایادا لە ژێر سایەی یاسادا ئازادانە بژی و ئازادانە بیر بکاتەوە، و ئازادانە کار بکات. پارتی نوێ دەبێت لە کوردستانێکی لیبرالدا هەڵگری بەرنامەی (دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیی – دولە الرفاه الاجتماعی) بێت.

رۆژ، رۆژی هەڵکردنی ئاڵای رێنێسانسی کوردستانییە، رێنێسانسێ کە مرۆڤی کوردستانی، هۆشمەندکات، و تەندروست کات، و بەختەوەر کات. رێنێسانسێ کە ئەنجامەکەی کوردستانێکی ئازاد و مرۆڤێکی شادومان بێت.

کوردستانێکی ئازادو

هاوڵاتییەکی هۆشمەندو

تەندروستو

بەختەوەر

# بۆچی لیبرالیزم

لەبەر ئەوەی کێشەی کوردستان کێشەی خاکێکی داگیرکراوەو باوەڕمان بەوەیە کە بۆ ئازادی کوردستان پێش چەک پێویستیمان بە میللەتێکی کوردستانیی هۆشمەندو تەندروستو بەختەوەرە.

لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی ئێمە پێش هەموو شتێک بزووتنەوەی گۆڕانیکۆمەڵایەتییە، شۆڕشی بیری نوێی کوردستانییە بەسەر دواکەوتنی کۆمەڵایەتییو کەس پەرستییو دەسەڵات پەرستییدا. شۆڕشێکە بۆ ئازادکردنی بیرو دەروونو لەشی مرۆڤ لە گشت کۆتێک. هەروەهاش شۆڕشێکی ئابوورییە بۆ داپساندنی بازێڕی کوردستان لە ئابووریی داگیرکەرانو کردنی بە بازێڕێکی جیهانیزمانەی ئازاد.

لەبەر ئەوەی دەمانەوێت بیری دیموکراسییەت بکەین بە رواڵەتی ساختمانی کۆمەڵایەتیمان بە سەرخانو ژێرخانیەوە. بیکەین بە رەوشتێک کە مرۆڤ رۆژانە لە پەیوەندیەکانیدا بە کاریبێنێت.

لەبەر ئەوەی خەباتدەکەین بۆ ساختمانێکی کۆمەڵایەتی کە تیایادا، مرۆڤ، خاوەن دەسەڵاتی باڵابێتو بتوانێت هەم کار لە رەوشی گشتی پێشکەوتنو هەم لە ژیانی رۆژانە بکات.

لەبەر ئەوەی خەباتدەکەین بۆ سیستێمێکی ئابووریی، کە تیایادا، مرۆڤ وەک هاوڵاتییەک، وەک مووچەخۆرێکو بەرهەمخۆرێک بتوانێت کار لە رووگەی بەرهەمهێنانو شێوەی دابەشکردنی بکات.

لەبەر ئەوەی خەباتی ئێمە بۆ ئازادییە، بۆ رێزگرتنە لە تاک، بۆ مافە، بۆ هۆشمەندییە، بۆ دادگوزارییەو بۆ دڵفراوانییە، پێویستیمان بە مێتالۆژیایەک بوو کە ئەوشتانە هەمووی بگرێتەوە، بۆیە لیبرالیزمان هەڵبژارد.

بەرەو

بەدیدهێنانی هاوڵاتییەکی کوردستانیی

هۆشمەندو تەندروستو بەختەوەر

# ئامانجەکانی پارتی لیبرالی کوردستان

ئامانجە رامیارییەکان

1- پ ل ک خەبات دەکات بۆ دابینکردنو مسۆگەرکردنی مافەکانی تاک لە کوردستاندا.
2- پ ل ک خەبات دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیارییو تەندروستییو ئابووریی تاک لە کوردستاندا.
3- پ ل ک خەبات دەکات بۆ بەهێزکردنی کەسایەتیی هاوڵاتیی کوردستانی.
4- پ ل ک خەبات دەکات بۆ بەدەسهێنانی مافی چارەنووس.

ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان

1 - پ ل ک خەبات دەکات بۆ بەدیدهێنانی کۆمەڵگایەکی لیبرالو فرەڕەنگ لە کوردستاندا.
2 - پ ل ک خەبات دەکات بۆ گەشەپێدانی ویستیئازادییو هەستی سەربەخۆیی مرۆڤی کوردستانی.
3 - پ ل ک خەبات دەکات بۆ گەشەپێدانی هەستی بەرپرسیاریەتی هەوڵاتی کوردستانی.
4 - پ ل ک خەبات دەکات بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی مرۆڤی کوردستانی.
5 - پ ل ک خەبات دەکات بۆ لە ناوبردنی جیاوازیی جیندەرییو بەدیدهینانی زەمینەیەکی هاوسان بۆ پیشکەوتنی تاکی کوردستانیی.
6 - پ ل ک خەبات دەکات بۆ بەهێزکردنی رولی هونەر لە ناو کۆمەڵگای کوردستاندا.
7 - پ ل ک خەبات دەکات بۆ بەرزنرخاندنی رۆشەنبیرییو پسپۆرایەتییو کارامەیی مرۆڤی کوردستانی.
8 - پ ل ک خەبات دەکات بۆ کردنی کۆمەڵگای کوردستان بە کۆمەڵگەیەکی مەریتۆکراسی.
9 - پ ل ک خەبات دەکات بۆ بەهێزکردنی خولی لاوان لە پرۆسە رامیاریو کۆمەڵایەتیو ئابووریەکاندا.

ئامانجە ئابووریەکان

1 - پ ل ک خەباتدەکات بۆ دروستکردنی ژێرخانی سەربەخۆی ئابووریی کوردستان.
2 - پ ل ک خەبات دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئارەزووی کارکردنو ویستی پێشکەوتن لای کوردستانیان.
3- پ ل ک خەبات دەکات بۆ پێشخستن ومۆدێرنکردنەوەی شێوازی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵیی لە کوردستاندا.
4 - پ ل ک خەبات دەکات بۆ کردنی کوردستان بە وڵاتێکی پیشەسازییو تەکنەلۆجیی مۆدێرن.
5 - پ ل ک خەبات دەکات بۆ داسەپاندنو بەهێزکردنی بازرگانیی ئازاد، ئازادیی پارەگواستنەوە.
6 - پ ل ک خەبات دەکات بۆ پێشخستنو بەهێزکردنی ئازادیی ئاڵوگۆڕی زانیاریو ئازادی هاتووچۆ.
7 - پ ل ک خەبات دەکات بۆ بەدیدهێنانی کرێکاری پسپۆرو کارامە.
8 - پ ل ک خەبات دەکات بۆ بەستنەوەی بازێڕی کوردستان بە بازێڕە جیهانیەکانەوە.
9- پ ل ک خەبات دەکات بۆ کردنی کوردستان بە وڵاتێکی گونجاو بۆ بەگەڕخستنی سەرمایە.
10- پ ل ک خەبات دەکات بۆ رێگرتن لە مۆنۆپۆلی ئابووریی.
11- پ ل ک خەبات دەکات بۆ ئازادییو ئاسانکردنی دامەزراندنی بزنسو چالاکی ئابووریی.
12- پ ل ک خەبات دەکات بۆ بەدیدهێنانی هەلی نوێی کارو کەمکردنەوەی بێکاریی.

Liberal Party of Kurdistan

# بەشی یەکەم

## بیرو باوەڕمان

## لیبرالیزم : ئازادیخوازیی

لیبرالیزم، رامانێکی کۆمەڵایەتییە کە لە سەرەتاکانیەوە خاوەن دوو بیرۆکەی سەرەکی بووە:
یەکەمیان ئەوەبوو کە شادمانی مرۆڤ لە هەموو شتێک گرینگترە لە جیهاندا.
دووهەمیشیان ئەوەبوو کە مرۆڤ هاوسانی یەکترنو کەس لە کەس باشتر نییە. بەرهەمی ئەم رامانە کۆمەڵایەتیە، ئایدیۆلۆجیەتێکی رامیاریی بوو کە ئازادییو رێزگرتن لە مافەکانی تاک، مەبەستو ناوەڕۆکی بوو.
تیۆری رامیاریی لیبرالیزم هەر لە سەرەتاکانیەوە پێناسەی دوو جۆرە ئازادیی کردووە:
ئازادی لە ژێردەستی: ئەمەش، سەربەخۆیی نەتەوەیی، سەربەخۆیی رامیاریی، سەربەخۆیی ئابووریی، نەبوونی چەوساندنەوەو ئەشکەنجەو سانسۆرو ئازادیی هاتوو چۆ دەگرێتەوە.
ئازادیی هەڵبژاردن: مافی مرۆڤ کە ئازادانە هەڵبژێرێتو ئازادانە بڕیاروەرگرێت. لە نموونەکانی ئەم ئازادییەش، ئازادیی بیروباوەڕو رادەربڕینو چاپەمەنی،و هەڵبژاردنی خوێندنو جۆری کارو شوێنی ژیان. هەروەها مافی بەرهەمخۆر ( consumer ) کە لە بازارێکی ئازاددا بتوانێ ئازادانە کاڵاو خزمەتگوزاریی هەڵبژێرێتو مافی دامەزراندنی بزنسو کۆمپانیاو کاری سەربەخۆی هەبێت.
لیبرالیزم، هەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانیەوە، واتە لە سەدەی 16مەوە، شۆڕشێک بووە دژ بە هەموو جۆرە ژێردەستییەک. جا چ ژێردەستیی داگیرکەربێت، ژێردەستیی فەرمانڕەوای زۆرداربێت، ژێردەستی دەسەڵاتە دینییەکانبێت، یاخود ژێردەستیی چینایەتیی بێت.
لە جیهانی پێشکەوتووی ئەمڕۆدا، ئەم ئایدیۆلۆجییەتە رەگو ریشەی لە بوارە کۆمەڵایەتییو رامیارییو ئابووریەکاندا وەها داکووتاوە، کە ناکرێت لە خودی ژیارەکە جوودابکرێتەوەو تەنها وەک بیرێکو تەوەرێکی سیاسی بیروانێترێ. لیبرالیزم لە جیهانی پێشکەوتودا وەک ئایدیۆلۆجییەتێک نەماوە، بەڵکو بووە بە رەوشتێکی کۆمەڵایەتی، بووە بە ( مێتا ئایدیۆلۆژی)، واتە بووە بە ئایدیۆلۆژییەتێک لە بارەی ئایدیۆلۆژییتەکانەوەو فەلسەفەیەک لە بارەی فەلسەفەکانەوە. لیبرالیزم بووە بە نەریتو ژێرخانێکی فکریی کە دادوستانی رامیاریی، ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی لەسەری وەستاوە. لیبرالیزم ئەمڕۆ رەوشتە. رەوشتی مرۆڤی ئازادە.
لیبرالیزمی رامیاریی، خەباتدەکات بۆ دامەزراندنو هێنانەدی بارودۆخێک کە تیایادا تاکە کەسو کۆمەڵ بتوانن بەو ( ژیانە خۆشە ) بگەن کە خەباتی بۆ دەکەنو ئاواتیانە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە لیبرالیزم خاوەن رووخسارێکی جیهانیزمانەیەو دەشێ لە گشت شوێنێکو لەناو گشت کۆمەڵێکدا پەیڕەوبکرێت. لیبرالیزم ئایدیۆلۆجییەتێکە کە کەس پێویستی نییە لە گەشەکردنوو بڵاوبوونەوەی بترسێت چوونکە بیرێکە کە بە یەکچاوو تەماشای خواستی هەموو لایەک دەکات. لیبرالیزم نە چەپڕەوەو نە راستڕەو، بەڵکو میانەڕەوە. ئایدیۆلۆجییەتی چینێکو گرووپێکو جیندەرێک (جنسێک، ژن یان پیاو) و دەسەڵاتێک نییە. بەڵکو ئایدیۆلۆجییەتی ئازادیی مرۆڤو رێزگرتن لە تاکە. جگە لەمانەش دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لیبرالیزم باوەڕی بە بوونی ئایدیۆلۆجییەتێک یاخود فکرێکی ئیرۆ (کامل)و موتڵەق نییە. بیر هەمیشە لە پرۆسێسی گۆڕاندایە. ئەوەی کە سەرەکییە بۆ ئێمەی لیبرال، گرینگی ئازادیی مرۆڤو هەمیشە رێزگرتنە لە مافەکانی.

# بنچینەکانی لیبرالیزم

1ـ تاک (الفرد، Individ).
2ـ ئازادیی (الحریە، Freedom).
3ـ هۆشمەندیی (العقلانیە، Reason).
4ـ دادگوزاریی (العدالە، Justice).
5ـ دڵفراوانیی (تسامح، Toleration).

تاک (الفرد، Individ):
گومان لەوەدانییە کە هەر یەکێک لە ئێمە خاوەن کەسایەتیو ئاواتو ئامانجێکی سەربەخۆیە. هەر یەکێ لە ئێمە خاوەن بیرو هەستو ویژدانو تواناو وشیارییەکی تایبەت بە خۆین. کۆمەڵگا لە کۆمەڵێک کەسی خاوەن هەستو ویستی جیاواز پێکدێت. ئەم کەسانە وەک چۆن سەربەخۆنو هەندێ تایبەتمەندیی لە یەکیان جودا دەکاتەوە، هەروەهاش هەندێ تایبەتمەندیی دەروونیو ماتریالیش هەن کە بە یەکەوەیان دەبەستێتەوەو کۆمەڵگایەکیان لێ پێکدەهێنێت.
کەواتە گرنگترین یەکەی کۆمەڵگا تاکەکەسە. تاک خاوەن مافی سروشتییە. خاوەن مافی (ژیانی پڕ ڕێزو سەربەستییو موڵکدارییە). بۆیە کۆمەڵگا دەبێ وەها دروستبکرێت کە پارێزەری پێداویستو خواستەکانی تاک بێت. کەسایەتیو ڕێزو مافەکانی تاک نابێ پێشێل بکرێن. دەسەڵاتو دەوڵەتو کۆمەڵگا دەبێ ڕێز لە مافەکانی تاک بگرنو بیپارێزن. ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگاو فەرمانڕەوایەتییە کە ڕێگەی گەشەکردنو پێشکەوتن بۆ گشت مرۆڤێک خۆشکەن.
لە هەمان کاتدا، ڕاستە لیبرالیزم ئایدیۆلۆجیەتێکە کە تاکەکەس بنەماو مەبەستیەتی، نەک چینێک یاخود خێڵێک یان ڕێکخراوێک،و بەرژەوەندیو مافەکانی تاک لە هەموو شتێک پیرۆزترە لای. بەڵام لە هەمان کاتیشدا لیبرالیزم نە ئینکاری بوونی کۆمەڵگا دەکاتو نە ئینکاری گرینگی کۆمەڵگا دەکات. ئێمە دەڵێین، مرۆڤ، وەک چۆن خاوەن ڕەوشتێکی خۆ ویستانەیە،و بەدوای شادمانیو خۆشگوزەرانیی خۆیدا دەگەڕێ، بەڵام لە هەمان کاتدا، هەمان مرۆڤ، خاوەن ڕەوشتی (بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتییە). ئێمە بەشێکە لە ڕەوشتمان کە بەرپرسیاربین بەرامبەر بە یەکتری. بەشێکە لە ڕەوشتمان کە یەکترمان خۆشبوێت، کە یارمەتیی یەکتریی بدەین. هەتا لە پێناوی یەکتریشدا بمرین. بۆیە لیبرالیزم هەمیشە جەخت لەسەر ڕەوشت بەرزیی مرۆڤ دەکات. لە بۆچوونی ئێمەوە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی تاک، تەنها لەوەدا نییە کە هاوکاربنو یارمەتی هەژارو نەخۆشو بێنەوایانو کەم ئەندامان بدەن، بەڵکو دەبێ دان بە مافەکانیشیاندا بنێتو مافەکانیشیان بپارێزێت. ئێمەی لیبرال ئامانجی دروستکردنی کۆمەڵگایەکمان هەیە کە تیایادا گشت کەسێک بتوانێت پێشکەوێتو ئەوپەڕی سوود لە توانا مرۆڤایەتیەکانی وەرگرێتو خاوەن ژیانێکی ئاسوودەو بەختەوەربێت.

ئازادی (الحریە، Freedom):
بۆ ئێمەی لیبرال، باوەڕکردن بە مافەکانی مرۆڤ پەیوەستە بە ڕێزگرتن لە ئازادییەکانی مرۆڤ. بۆیە سەربەخۆیی تاکو سەربەستیی مرۆڤ، مەزنترین داواکاریی ڕامیاریی ئێمەو گشت پارتێکی لیبرالە. لە دیدی ئێمەوە ( ئازادیی تەنها دۆخە کە تیایادا مرۆڤ دەتوانێت گەشە بە تواناکانی بداتو بە چاکترین شێوەش ئەو توانایانە بەکار بێنێت) کە باسی ئازادیی دێتە پێش، لە بۆچوونی ئێمەی لیبرالەوە، لە کۆمەڵگای لیبرالدا دەبێ سێ بنەما پایەگوزاربێت.

ئازادیی دەروونیی: کە ئازادیی بیرو بۆچوونو باوەڕ دەگرێتەوە. دیموکراسییەت پێویستی بە ئازادیی رامیاریی،و ئازادیی رادەربڕینو دەنگدانەوە هەیە. لە رێی دیموکراتیەتیشەوە هاولاتیان بەشداری فەرمانڕەوایی دەبنو کۆنترۆلی سیستێمی رامیاری دەکەن. بۆیە دیموکراتییەت گەرەنتیکەری بوونی ئازادیی دەروونییە.

ئازادیی ماتریالیی: ئازادیی هەڵبژاردنی کار، پلەی ژیان، شوێنی ژیانو ئازادیی بەرهەمخۆریی consumtio دەگرێتەوە.

سێهەمیش هەستی بەرپرسیاریی‌و پشتگیریی‌و هاوکاریی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگادا دەگرێتەوە.

هەروەها دەبێ ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین کە لیبرالیزم باوەڕی بە ئازادیی (بێ سنوور) نییە. ئازادیی بێ سنوور (بەرەڵاییە)، واتە ئازادییەکی نەگەتیڤە. نەبوونی سنوور بۆ ئازادیی، وەک ئەوەیە کە ماف بە کەسێک بدەین دەستدرێژیی بکاتو تەعەدا لە مافو ئازادیی کەسێکی تر بکات. ئەمەش لیبرالییەت نییە. ئەو ئازادییەی کە ئێمە باوەڕمان پێی هەیە، ئازادییەکی پۆزەتیڤە، واتە ئازادییەکی یاسابەندە، کە رێدەدا بە مرۆڤی ئۆتۆنۆم لە ناو سنوورەکانیدا سەربەستانە گەشە بکاتو پێشکەوێت.

هۆشمەندی (العقلانیە، Reason):

بۆ ئێمەی لیبرال، هەرگیز گومان لەوەدا نییە، کە بەکارهێنانی مافی ئازادیی بە شێوەیەکی دروستو پۆزەتیڤو گەشەپێکەر، پەیوەندیی بە پلەی ژیریی‌و هۆشیاریی مرۆڤەوە هەیە. بۆیە بیری لیبرالیزم وەک چۆن لە سەرەتاوە زادەی منداڵدانی رێنیسانسی ئۆروپی بوو، هێشتا باڵاترین بەیەخ دەدات بە گەشەپێدانو ئازادکردنی مێشکو گیانو لەشی مرۆڤ لە هەموو کۆتو بەندێکی پاشخەر.

باوەڕ بە هۆشمەندیی مرۆڤ، باوەڕ بەوەی کە مرۆڤ گیانلەبەرێکی ژیرە. کە دەتوانێ ئازادانەو سەربەخۆیانە بیربکاتەوە، بڕیاربدات، هەڵبژێرێتو سوود لە هەڵەکانی وەرگرێت، بنەمایەکی نەگۆڕی لیبرالیزمە لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە. وەک ئەنجامێکیش بۆ ئەم باوەڕە، هەر لە سەرەتاوە لیبرالان مەیلێکی بێ سنووریان بۆ (پێشکەوتنو پێشخستن) هەبووەو هەیە.

ئێمەی لیبرال دەڵێین، گەشەسەندنو بلاوبوونەوەی زانست تەنها یارمەتی مرۆڤ نادات کە لە ژیانو سروشت بگاتو هۆکاری رووداوەکان شیکاتەوە، بەڵکو لە هەمانکاتدا، ئەو توانایەشی دەداتێ کە بیگۆڕێتو چاکتریکاتو پێشکەوێت. بۆیە زانستو زانیاریی مافی هەموو مرۆڤێکە.

دادگوزاری (العدالە، Justice):

کە باسی دادگوزاریی‌و دادپەروەریی دێتەپێش، بێگومان تەنها مەبەستمان لە سیستێمێکی پاداشو سزادان نیە، بەڵکو مەبەستی سەرەکیمان لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە (العدالە الاجتماعیە، Social justice ).

تیۆری دادگوزاریی، ئێمەی لیبرال، هەر وەک بەشەکانی تری ئایدیۆلۆجییەتەکەمان خودی مرۆڤ مەبەستو سەرچاوەیەتی. بۆ ئێمەی لیبرال کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە کۆمەڵێ تاک پێکهاتووە. ئەم کەسانە دەبێ خاوەن هەمان مافبنو بە یەکچاوو تەماشابکرێن، دەبێ هەمان رێزیان لێبنرێت،و دەبێ هەمان هەلی گەشەکردنو پێگەیشتنیان بۆ بڕەخسێندرێتو دابینبکرێت.

مرۆڤ، لە هەرچی شوێنێک بێت. لە هەرچی قوژبنێکی جیهاندابێت، خاوەن هەمان مافی سروشتییەو دەبێ رێز لە مافە مرۆڤایەتیەکانی بگیرێت. ماف هی تاکە، تایبەت نییە بە چینێک یان گروپێک یان دینێک یان جیندەرێک (جنسێک)، یان رەنگێک یاخود کەسێکی تایبەت. ئێمەی لیبرال دژ بە هەموو جۆرە بەرتریبیرکیین (ئەفزەلییەتێکین) کە لەسر بنەمای جیندەر، رەگەز، رەنگ، بیروباوەڕ، دەینو پەیوەنیی چینایەتیی بە کەسانێک ببەخشرێت. مرۆڤ چۆن دەبێ بەرانبەر بە یاسا یەکسان بن، یاساش دەبێ بۆ هەموو کەسێک هەمان یاسا بێت.

لە لایەکی دیکەوە، گەلەک گرینگە کە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ئێمە لەگەڵ یەکسانیی سەراپایی‌و موتلەق نین. ئێمە لەگەڵ یەکسانیی دەرفەتین. واتە هەمان دەرفەتو هەلو زەمینە بێ کەموکوڕی‌و بێ جیاوازی دەبێ بۆ گشت مرۆڤێک و ئەندامێکی کۆمەڵگا هەلڕەخسێت و خۆشکرێت. بەلام لیبرالیزم نالێ کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵ

دەبێ بەقەدەر یەکیان هەبێت،و هەموو دەبێ وەک یەک بژین‌و کەس لە کەس ساماندارتر نەبێت. واتە ئێمە باوەڕمان بە هاوسانی دەرفەت هەیە نەک یەکسانی دارایی.
ئێمەی لیبرال لەگەڵ یەکسانی سەراپایی‌و موتڵەق نین، چونکە لە دیدی ئێمەوە مرۆڤ، هەمووی وەک یەک نییە. مرۆڤ لە رۆژی لەدایکبوونیانەوە جیاوازن. تواناکانیان جیاوازە، زانیارییان جیاوازە، ویستیان جیاوازە. مرۆڤی وا هەیە کە پتر دەزانێت،و پتر کاردەکات‌و پتر هیلاک دەبێت. هیواش هەیە کە کەمتر دەزانێت‌و کەمتر کاردەکات‌و کەمتر هیلاک دەبێت. بۆیە ئایدیۆلۆجیەتی ئێمە سەنگ‌و بایەخ بە مەریتنامە ( الخبره العلمیەو العملیە، Merit) دەدات.
بەڵێ ئێمەی لیبرال باوەڕمان بە مەریتۆکراسی Meritocracy (دابەشکردنی پلە و دەسکەوت لەسەر بناغەی توانایی‌و لێهاتویی نەک لەسەر بناغەی خێزانی‌و عەشیرەتی‌و دەوڵەمەندی) هەیە. لە کۆمەڵگای لیبرالدا تا پسپۆرتربیت‌و زاناتربیت‌و چالاکتربیت باری کۆمەڵایەتیت چاکتردەبێت. لە کۆمەڵگای ئێمەی لیبرالدا باری کۆمەڵایەتی پەیوەندیی بە ژن‌و پیاوەتییەوە نییە، بە رەنگی رەش‌و سپییەوە نییە، بە دین‌و زمان‌و رەگەزو بیروباوەڕەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە پلەی شارەزایی‌و ئامادەیی کارکردنەوە هەیە.
گرینگە کە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە مەریتۆکراسییەت هەرگیز ئەوە ناگەیێنێ کە کۆمەڵگای ئێمەی لیبرال کۆمەڵگایەکە لە دوو چینی هەژارو ساماندار پێکهاتبێ. راستە ئێمەی لیبرال لەگەڵ پاداشی چاکترین بۆ کەسانی لێزانترو رەنجدەرتر، بەڵام بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بوونی هەژاریدا نین، چوونکە بوونی چینی هەژار لە خۆیدا دژ بە تێزی دادگوزاریی کۆمەڵایەتیمانەو دژ بە مافەکانی تاکە، مافی ژیانێکی رێزدارانە. بۆیە ئێمە خەبات دەکەین بۆ دامەزراندنی سیستێمی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی ( نظام الرفاه الاجتماعی، Welfare system ) کە پێداویستە بنەڕەتیەکانی ژیان لە خانە، خۆراک، خوێندن، چارەسەرکردنی نەخۆشی‌و دەرمان بۆ گشت ئەندامەکانی کۆمەڵگا دابینبکات‌و مافە رامیارییەکانی تاک بپارێزێت. ئەم جۆرە سیستێمە، واتە سیستێمی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، رێگرە لە بوونی هەژاریی‌و جیاوازیی و چەوساندنەوە.

دڵفراوانی (تسامح، Toleration):
یەکێ لە گرنگترین کارێکتەرە رەوشتیەکانی کۆمەڵگای ئێمەی لیبرال ( قەبوڵکردنی جیاوازییە). لیبرالیزم لە سەرەتاکانیەوە ئامادەیی نیشانداوە کە بە مێشکێکی کراوەوەو دڵێکی فراوانەوە بڕوانێتە جیاوازی کولتووریی، رەگەزیی، جیندەریی، رەنگی پێست، دین، بیروبۆچوون ... هتد.
لەراستیدا، هەموو ئەو ئازادیانەی کە بنەمایان لە سیستێمی رامیاریی (دیمەکراتیی ـ لیبرالیدا) هەیە، وەک ئازادیی چاپەمەنی، ئازادیی رادەربڕین‌و مافە جۆراو جۆرەکانی مرۆڤ، هەموو مایەی دڵفراوانییە. ئەنجامی لەیەک قبوڵکردنە. لە هەمانکاتیشدا، بوونی ئەو ئازادیانەو دانان پیاندا، گەرەنتییەکە بۆ پەیدابوون‌و ئافریدکردنی (خەلقکردنی) دڵفراوانی‌و پەسەندکردنی جیاوازیی.
بۆیە ( لیبرالیزم‌و پلورالیزم) بۆ ئێمە دووگیانن لە جەستەیەکدا. ئێمە فرەڕنگیی‌و جیاوازیی بۆ چوون بە بارێکی پۆزەتیڤ‌و چاک دەزانین. هەر بۆیەشە کە گەورەترین دوژمنەکانی لیبرالیزم، زەبردەستی رامیاریی (استبداد سیاسی)و کۆمەڵگای یەک رەنگییە. واتە کۆمەڵگایەک کە یەک جۆرە رای تێدا رەوابێت. یەک شێوە بیرکردنەوەی تێدا رەوابێت. یەک کولتووریی تێدا رەوابێت، یەک هەڵسەنگاندن‌و بۆچوونی تێدا رەوابێت.
دڵفراوانی لە لیبرالیزمدا، ئەوە دەگەیێنی، کە مرۆڤ دەبێ ئامادە بێت رێگا بە هەموو کەسێک بدات کە بەشێوەیەکی جیاواز لە خۆی (بیربکاتەوەو بدوێ‌و بجولێتەوە). ئەم دیدە لەلایەکەوە جەخت لەسەر ئۆتۆنۆمی مرۆڤ دەکات‌و لە لایەکیشەوە رەوشتی هەڵسووکەوتمان بەرانبەر بەیەک دیاریدەکات. بەڵێ گرینگی دڵفراوانیی لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەم بۆ تاک‌و هەم بۆ کۆمەڵگا بێپایانە. بۆ تاک گەرەنتیکەری ئۆتۆنۆمییەتی‌و رێخۆشکەری پێشکەوتنیەتی، گرینگیشی بۆ کۆمەڵگا لەوەدایە کە بازێڕێکی ئازاد بۆ بیر دروستدەکات. گومانیش لەوەدا نییە کە تەنها لە بازێڕی بیری ئازاددا راستیی دەتوانێت بەدەرکەوێت‌و بمێنێت.بۆ ئێمە دڵفراوانیی‌و فرایەتیی، واتە

پلوراليزم، پێکهێنەری بنەمای کۆمەڵگای هاوسانن (المجتمع المتوازن ، Balanced society) ئەو کۆمەڵگایەی کە توندڕەویی تیایادا جێینابێتەوە. ئێمە دەڵێن هەموو کەسێکو کۆمەڵێکو گروپێک، ویست و ئارەزووی تایبەتی خۆیان هەیە. بەڵام هەمیشە بۆ گەیشتن بە چارەسەر مرۆڤ پێویستی بە کەسانی تر هەیە. پێویستی بە کۆمەڵ هەیە. کۆمەڵگاو گروپەکانیش، بەهەمان شێوە پێویستییان بە کۆمەڵی ترو کەسانی تر هەیە. ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە ژیان تەرازوویەکە، چاوێکیان ویستو ئارەزووی خۆتی تێدایەو چاوەکەی تریش ویستو ئارەزووی لایەنی بەرانبەر.

پرنسیپی هاوسانی، لە دیدی ئێمەی لیبرالەوە، تەنها پەیوەندی بە تاکەوە نییە، بەڵکو بۆ پەیوەندییە ئابووریەکانیش گرینگەو دەتوانێ هاوسەنگییەک لە نێوان خاوەنکارو کرێکار دروستکات. هەروەها لە بواری رامیاریشدا پاڵ بە گروپە رامیاریە جیاوازەکانەوە دەنێ کە بە چاوێکی تر بڕواننە ویستی یەکدیو هاوکاری یەکتربن بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکیەکانی کۆمەڵگاو میللەت. ئێمەی لیبرال لەمەش دوورتر دەڕوانین ودەڵێن کە بەلانسی ئابووریی ـ رامیاریی دەتوانێ جیهانێکی هاوسانو هاوسەنگ پێک بێنێتو میللەتانی سەر رووی زەمین لەیەک نزیک کاتەوە.

## بەشی دووهەم

## لیبرالیزمی رامیاریی، لیبرالیزمی کۆمەڵایەتیی، لیبرالیزمی ئابووریی

### 1ـ لیبرالیزمی رامیاری: دەوڵەتو دەستوورو دیموکراتییەت.

دەوڵەتی لیبرال:
لە بەشی یەکەمدا بەکورتی ئاماژە بۆ پێنج پایە تیۆریەکەی لیبرالیزم کرا. بەڵام گومان لەوەدا نییە، کە پەیدابوونی کۆمەڵگای میانەڕەوو دڵفراوانو دادگوزار تەنها ئەنجامێکی سروشتیی ئازادیی مرۆڤ نین.کە باسی مافو ئازادیی دەکرێت هەمیشە ترسی ئەوە هەیە کە ئازادیی بێ سنوورو بەیاسا بەندنەکراو ببێتە هۆی چەوساندنەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ، دەبێتە هۆی دەستدرێژکردنە سەرو زەوتکردنی ئازادییو سامان وداراییو مافەکانیی مرۆڤی تر. واتە مرۆڤی ئازاد هەم ترسی ئەوەی هەیە کە مافەکانی زەوتکرێنو هەم ترس ئەوەی لێدەکرێت کە مافی کەسانی تر زەوتکات. بۆیە ئازادییو ماف پێویستییان بە پاراستن هەیە،و بۆ پاراستنیان پێویستیمان بە بوونی دەوڵەت هەیە.
بۆ ئێمەی لیبرال، دەوڵەتی سەربخۆ پارێزەری ئازادییو مافەکانی مرۆڤە. ئەم جۆرە دەوڵەتە دەتوانێ لە رێی یاسا دارشتنەوە سنوور بۆ ئەندامەکانی دانێت. لە ڕوانگەی ئێمەوە، ئازادیی تەنها لەژێر سایەی یاسادا دەتوانێ ئاسوودەبێت. کە یاسا نەبوو ئازادیش نابێت.
بۆیە لیبرالان، هەر لە 1700تەکانەوە،و لەسەر دەستی فەیلەسوفو نووسەرانیانەوە تیۆریی کۆنتراکتی کۆمەڵایەتیان ( نظریه العقد الاجتماعی، Social contract theory کە ئەرکی رامیاریی هاوڵاتیان بەرانبەر بە دەوڵەت شیدەکاتەوە) خستە جیهانی سیاسییەوە.
تیۆریی کۆنتراکتی کۆمەڵایەتی، دەڵێ: وڵاتی بێ یاسا تەنها کاولییو هەژارییو ناخۆشیی پێیە بۆ دانیشتوانی. جا بۆ ئەوەی ئاسوودەییو ئارامیی جێگیربنو ژیان روو لە خۆشیکات، هاوڵاتیان لەناو خۆیاندا پەیمانێک دەبەستنو دەسەڵاتێکی سەرپەرشتکەر هەڵدەبژێرنو دروستدەکەن. بەپێی ئەو پەیمانە ئەندامانی کۆمەڵ ئامادە دەبن کە (برێک ئازادیی) بکەن بە قوربانی سیستێمێکی یاسایی کە کۆمەڵگاکە بەڕێوە بباتو مافەکانیان بپارێزێت.
تیۆریی کۆنتراکتی کۆمەڵایەتی، چەند لایەنێکی فرە گرنگی دیدی ئێمەی لیبرال بەرانبەر بە دەوڵەت بەتایبەتییو دەسەڵاتی رامیاریی بەگشتی روونەدەکاتەوە، لەوانەش:
ـ دەسەڵاتی سیاسی لە خوارەوە دەدرێت بە سەرێ، واتە میللەت دەیبەخشێت.
ـ مرۆڤ فەرمانڕەوایەتیو دەوڵەت دروستدەکات،و میرییو دەوڵەت لە خزمەت مرۆڤدان.
ـ دەسەڵات بەخشینو دروستکردنی فەرمانڕەوایەتی بە پێی کۆنتراکتو بەڵێنێکی کۆمەڵایەتیی دەکرێت. بۆیە تا دەسەڵاتی رامیاریی رەوابێت، دەبێت لەلایەن هاوڵاتیانەوە پەسەندکراوبێت.
ـ هاوڵاتیان ملکەچی ئەوە نین کە هەموو فارمانێکی حکومەت جێبەجێکەن، یاخود هەموو جۆرە حکومەتێک پەسەندکەن. گەر فەرمانڕەواییو حوکم لەسەر پەیمانێکو کۆنتراکتێک دروستکرابێ، هیچ گەرەنتییەک نییە کە حکومەتەکە خۆی پەیمانەکە نەشکێنێت. گەر فەرمانڕەوایی پەیمانی شکاندو لە کۆنتراکتەکە لایدا، رەوایی خۆی لەدەستدەداتو هاوڵاتیان مافی یاخیبوونیان هەیە دژ بەو حکومەتە.
جگە لەمانەش ئێمە بەپێی هەمان تیۆریی، دەوڵەتو فەرمانرەوایەتی، وەک داوەرو ناوبژێوکەرێکی بێ لایەن دەبینین لە کۆمەڵگادا. دەوڵەتی رەوا لە ئارەزووی چەند کەسێکەوە یاخود گروپێکەوە کە مەبەستیان بەرژەوەندیی خۆیانە هەڵناقوڵێت، بەڵکو لە ئیتیفاقێکی گشتییەوە هەڵدەقوڵێت. بۆیە دەوڵەت دەبێ نوێنەریی

بەرژەوەندیی هەموو ئەندامەکانی بێتو لە کاتی ناکۆکی نێوان ئەندامەکانی، دەولەت دەبێ وەک دادوەرێکی بێلایەن هەڵسووکەوت بکاتو پارێزەری مەرجەکانی کۆنتراکتەکە بێت.

ـ فەرمانڕەوایی دەستووریی Constitutional government :

هەرچەندە ئێمەی لیبرال باوەڕمان بە گرنگی فەرمانڕەوایەتی هەیە، بەڵام هاوکات مەترسیشمان لە دەسەڵاتی ئەو فەرمانڕەوایەتییە هەیە. حکومەت خاوەن هێزەو دەتوانێ هەڕەشە لە ئازادییو مافەکانی تاک بکات. گشت فەرمانڕەوایەتییەک مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت کە ببێت بە دەسەڵاتێکی زەبردەستی (استبدادی) دیکتاتۆریی چەوسێنەرەوە. جا بۆ رێنەدان بە گۆڕانی نەگەتیڤو سەرهەڵدانی فەرمانڕەوایی زەبردەستو نادیموکرات. لیبرالیزم باوەڕی بە دەسەڵاتێکی بە یاسا بەندکراو هەیە. واتە لە رێگەی داڕشتنی دەستوورێکەوە دەبێ سنووری دەسەڵاتی لێپرسراوانو دامودەزگاکانی دەوڵەتو فەرمانڕەوایەتی دیاریبکرێت. بەکورتی دەتوانین بڵێین کە لیبرالیزم لە رێی دەستوورەوە حوکمکردنی حکومەت دەدات بە دەستی میللەتەوە.

لە دیدی ئێمەی لیبرالەوە، لە پراکتیکدا، دەبێ بە سێ شێوە سنوور بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت دابندرێت.

یەک ـ لە رێی سنوورنامەیەکی یاسایی سەربەخۆوە، واتە لە رێگەی ئامادەکردنی بەڵگەنامەیەکی یاساییەوە کە ئەرکو سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتو فەرمانڕەوایی دیاریبکات. دەستووری زۆربەی دەوڵەتە لیرال دیموکراتەکانی جیهان لەم بابەتەن.

دوو ـ لە رێگەی سانسۆرو کۆنترۆلی ناوخۆییەوە. ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پێویستی بەوەیە کە دەسەڵات لە یەک دەزگادا کۆنەکرێتەوە. دەسەڵات دەبێ بەسەر چەند دەزگایەکدا دابەشبکرێت. دەسەڵاتی بەڕێوەبردن،و دەسەڵاتی یاسادانانو دادگای باڵای دەوڵەت دەبێ بکرێن بە سێ دەزگاو دەسەڵاتی سەربەخۆو لە یەک جودا.

سێ ـ دەوڵەت دەبێ فیدرال بێتو دەسەڵات لە ناوەندا کۆنەبێتەوە، بەڵکو دەسەڵات دەبێ بەسەر گشت وڵاتەکەدا دابەش بکرێت.

ـ دەسەڵاتی دیموکراسیانە Democratic rule :

لە گۆڕەپانی رامیاریی ئەم رۆژگارانەی ئێمەدا هیچ ووشەیەک بەقەد ووشەی دیموکراسییەت باوو نییە. بەڵام دیموکراسییەت یەک پێناسەو یەک شێوەی نییە. سەرۆکی ئەمریکی ئەبراهام لینکۆڵن 1864 لە گووتارێکیدا لەم بارەیەوە گوتوویەتی: Government of the People, by the People and for the People

بەشی یەکەمی رستەکە نیشانی دەدات کە فەرمانڕەوایەتی لە دیموکراتییەتدا دەبێ لە میللەتەوە هەڵقوڵێ، واتە فەرمانڕەوایی، فەرمانڕەوایی گەلە، بەشی دووهەمی رستەکە نیشانی دەدات کە ئەم فەرمانڕەوایەتیە گشتییە، دەکرێ بە دوو شێوە ئەنجام بدرێت:

یەکەمیان: by the People، واتە حوکمکردنی راستەوخۆ لە رێی میللەتەوە. ئەم جۆرە دیموکراسییەتە بە دیموکراسییەتی راستەوخۆ Direct democracy دەناسرێت. لەم شیوەیەدا هاوڵاتیان نوێنەر هەڵنابژێرنو نوێنەریان نییە، بەڵکو بڕیارەکان راستەوخۆ لە رێی میللەتەوە وەردەگیرێت. ئەم دیموکراتییەتە راستەوخۆیە کۆنترین شێوەی دیموکراسیەتە. ئەمڕۆ ئەم جۆرە دیموکراسییەتە بە (ریفراندۆم) دەناسرێت.

حوکومڕانی دیموکراسییەتی راستەوخۆ، بۆ کۆمەڵگای بچووک شیابوو وە دەتوانرا ئەنجام بدرێت، بەڵام بە گۆڕانی رۆژگارو پەیدابوونی کۆمەڵگای مۆدێرنو کۆمپلێکس، پەیڕەویکردنی ئەم جۆرە دیموکراسییەتە گەلێ ئەستەم بوو، بۆیە ئەلتەرناتیڤێکی گونجاوتر داهێنرا.

دووهەمیان: دیموکراسییەتی نوێنەرانە Representativ democracy کە دیموکراسییەتێکی ناڕاستەوخۆیە. لەم جۆرە حوکمڕانیە دیموکراسییەدا، ئەندامانی گەل راستەوخۆ بڕیار وەرناگرن، بەڵکو هەر چەند ساڵ جارێک لە چینی رامیارەکان نوێنەر هەڵدەبژێرن تا لەباتییان حوکوم بکەن. ئەمەش شێوەی for the people دەگرێتەوە.

لە بارەی دیدی ئێمەی لیبرالەوە بەرانبەر بە دیموکراسییەت، دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لە سەدەکانی رابوردوودا لیبرالەکان بەرانبەر بە شێوەی کلاسیکی دیموکراسییەت هەندێ مەترسییان نیشانداوە. بێگومان ئەو ترسە چەند هۆیەکی هەبووە، لەوانەش:

- دیموکراسییەت مەترسی هەیە بۆ سەر ئازادییە تاکە کەسییەکان. چونکە دیموکراسییەت باسی دەسەڵاتی گەل دەکات، باسی بڕیاری زۆرینە Majority دەکات، واتە لە پراکتیکدا باسی حوکمی 51% بەسەر 49%دا دەکات. بۆیە مەترسی ئەوە هەیە کە بڕیاری زۆرینەکە دژ بە ئازادییەکانی تاکەکەسو بە مافەکانی کەمایەتیەکان بێت.
- زۆربەی نەخوێندەوارانو نارۆشن بیران، پتر مەیلیان هەیە کە وەک گروپێک وچینێک رەفتاربکەنو بڕیاروەگرن. ئەم گروپانە بە شێوەیەکی گشتی کەس پەرستنو خاوەن رای سەربەخۆ نینو هەمیشە رایان هەمان رای دەسەڵاتدارو سەرکردەکانیانە، جا چ سەرکردەی دینی بێت، خێڵەکی بێت یاخود ناوچەیی.

بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم خەلەلانە، لیبرالان سیستێمێکی نوێی دیموکراسییەتیان پێشکەشکرد. ئەم لیبرال ـ دیموکراسییەتە سیستێمێکی رامیاریی تێکەڵە لە هەردوو رەگەزی لیبرالیزمو دیموکراتیزم. رەگەزە لیبرالەکەی ئەم سیستێمە (فەرمانڕەوایی خاوەن دەسەڵاتی سنووردارە)و ئەلەمێنتە دیموکراسییەتەکەشی ئەوەیە کە (راو بۆچوونی میللەت دەبێ کار لە فەرمانڕەوایەتی بکات). لە پراکتیکدا ئەم لیبرال دیموکراسییەتە، مۆدێلێکی دیموکراسییەتی دامەزراند کە خاوەن سێ بنەمای سەرەکییە:

- لیبرال دیموکراسییەت، دیموکراسییەتێکی ناراستەوخۆیەو لە رێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرانەوە ئەنجام دەدرێ. نوێنەران لە رێگەی هەڵبژاردنی گشتییەوە هەڵدەبژێردرێن. لەم هەڵبژاردنانەدا، هەر نەفەرێک خاوەن یەک دەنگەو هەر دەنگەش خالێکە.
- دیموکراسییەت دەبێ لەسەر بەربەرەکانییەکی پۆزەتیڤانەو مافی هەڵبژاردن پایەگوزاربێت. ئەمەش پێویستی بە پلورالیزمی رامیارییو لێبووردنو دڵفراوانی هەیە، کە دوو پایەی گرینگی لیبرالیزمن.
- دەسەڵاتی دەوڵەت دەبێ هەم لە رێگەی دەستوورەوە سنووردارېکرێت،و هەم لە رێی دەزگای ناوەندیی و کۆمەڵایەتیو ئۆرگانەکانی بازاڕەوە کۆنترۆڵ بکرێت. لە هەمان کاتدا دەستوور دەبێ گەرەنتیکەری مافەکانی کەمایەتیەکان بێتو رێ نەدات بە زەبردەستیی زۆرینە (استبداد الاغلبیە).

2ـ لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی:

پارتی لیبرالی کوردستان، پارتێکی سۆسیال لیبرالە Social liberal. واتە پارتیمان جەخت لەسەر بەرپرسیاریەتی دەوڵەتو کۆمەڵگا دەکات بەرانبەر بە بێتواناو بێنەوایانی کۆمەڵگاکەمان. ئێمە دەوڵت بە ئەکتەرێکی سەرەکی دەبینین لە پرۆسەی بەدیدهێنانی کۆمەڵگای خۆشگوزەرانیدا. بۆیە سیاسەتی (کۆمەڵایەتیو بازاڕی کاری) دەوڵەت دەبێ گەرەنتیکەری دادگوزاریی کۆمەڵایەتی بێت.

خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیی، لە بۆچوونی ئێمەوە، پەیوەندی بە تێزی هاوسانییەوە هەیە، کە یەکێکە لە بنچینە سەرەکیەکانی بیروباوەڕمان. ئەندامانی کۆمەڵ تا پێشکەونو بتوانن سوود لە دەرفەتە رەخساوەکان وەرگرن دەبێ زەمینەیەکی هاوسانیان بۆ خۆشکرابێت. بەدیدهێنانی ئەم زەمینە هاوسانە ئەرکی دەوڵەتە.

بۆیە دەوڵەت دەبێ دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بێت، بەو مەبەستەی کە هاوزەمینەیی هاوڵاتیان مسۆگەرکات. بۆ نموونە، مرۆڤی خوێندەوارو نەخوێندەوار، دەوڵەمەندو هەژار، کاردارو بێکار، تەندروستو کەم ئەندام، لەسەر هەمان زەمینە نەوەستاوونو هەمان شانسیان نییە بۆ سوود وەرگرتن لە هەلە رەخساوەکانی ژیان. کاری دەوڵەت لێرەدا ئەوەیە کە هاوسانیی پەیدا کات، کە کەس هەژار نەبێت، برسی نەبێت، نەخوێندەوار نەبێت، بێ لانە نەبێت،و بێ چاودێریی پزیشکیو دەرمان نەبێت.

بەکورتی، دەوڵەتی خۆشگوزەرانیی ئێمەی لیبرال، دەوڵەتێکی خاوەن بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتییەو مرۆڤ تیایادا، مافی ژیانێکی خۆشی هەیە. بەهەمان رادەش مرۆڤی دەوڵەتی خۆشگوزەرانیی، مرۆڤێکی خاوەن

بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتییە، بۆیە دەبێ چالاکانە هەوڵدات کە پێداویستەکانی ژیانی دابینکاتو ئاکتیڤانە بەشداربێت لە دروستکردنی دەوڵەتو کۆمەڵگای خۆشگوزەرانیدا.

ئەو دەوڵەتی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتیەی ( welfare state ) کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین. دەولەتێکە کە بەلای کەمەوە پێداویستیە بنەڕەتیەکانی ژیان بۆ هەموو ئەندامەکانی مسۆگەر دەکاتو تاک تیایادا خاوەن هەموو جۆرە بیمەیەکی (تەئمیناتێکی) کۆمەڵایەتیە.

3ـ لیبرالیزمی ئابووریی:

ئابووریی لیبرالیزم، ئابووریی بازاڕی ئازادەو خاوەن سێ پرنسیپی زۆرگرنگە:

ـ کەمترین رادە دەستێوردانی دوڵەت ودەسەڵاتداران لە ئابووریدا.

ـ بازرگانیی ئازاد. ئازادیی پارەگواستنەوەو نەمانی سنوورەکان.

ـ ئازادیی دامەزراندنی کۆمپانیاو چالاکی ئابووری.

لە بۆچوونی ئێمەی لیبرالەوە، سیستێمی ئابووریی بازاڕی ئازاد، بەهێزترین سیستێمی ئابوورییەو چاکترین رێگایە بۆ دەوڵەمەند بوونی میللەت. جگە لەمانەش تاکە سیستێمی ئابوورییە کە لەگەڵ دیموکراسییەتدا بگونجێت.

لە بارەی ئابووریی جیهانییەوە دەڵێین، ئابووریی جیهان دەبێ ئابووریی بازاڕی ئازاد بێت. لەم جیهانەدا، هێزیکار، سەرمایەو کاڵا دەبێ بە ئازادیی بجولێتەوە.

بەڵام ئێمەی لیبرال لەگەڵ بوونی سیستێمێکی ئابووریی کاپیتالیستانەی سنوور دیارینەکراودا نین. ئێمە لەو باوەڕەداین کە کاپیتالیزمی 100% ئازاد، دەبێتە هۆی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتیو کەمکردنەوەی هێزی کڕیارییو کەمکردنەوەی سەرجەمی خواست. ئێمە لەگەڵ ئابووریەکی بازاڕی ئازاددایین کە تیایادا دەوڵەت تا رادەیەکی دیاریکراو مافی دەستێوەردانی هەبێت، بە مەبەستی تەوژدان بە خولکەی ئابوورییو بەگەڕخستنەوەی بازاڕو رێنەدان بە مۆنۆپۆلو چەوساندنەوەی ئابوورییو کۆمەڵایەتیی.

## بەشی سێهەم

## پارتی لیبرالی کوردستانو باری ئەمڕۆی کوردستان

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، کێشەی ئێمە کێشەی خاکێکی داگیرکراوە. جا کوردستان دوو بەش بێت یاخوود پێنج، یەک نەتەوەی تێدا بژی یاخود پەنجا، ناوەڕۆکی کێشەکەمان هەمانە. ئێمە بۆ ئازادکردنی خاکی کوردستان پێویستیمان بە کۆمەڵگایەکی کوردستانییە کە ئامادەبێت خەبات بۆ ئازادکردنی خاکەکەی بکات. کۆمەڵگاش لە کۆمەڵێک تاک پێکدێت. بۆیە پێش هەموو شتێک خەباتی ئێمە بۆ هۆشیارکردنەوەو ئازادکردنی خودی مرۆڤەکەیە لە کۆتی ناوەکیو دەرەکی، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستییو توانای کار،و باری ئابووریو تەندروستی مرۆڤی کوردستانییە چ لەناو کوردستان بێت یاخود لە هەندەران. شەڕی داهاتوو شەڕی چەک نییە، بەڵکو شەڕی ژیارە. سەرکەوتووش تیایادا میللەتی هۆشمەندو تەندروستو دەولەمەندە.
سەردەمی ئێمە سەردەمی سەرکەوتنی دیموکراسییەتو گەشەکردنی رزگاریخوازانە. بۆیە خەباتی سەرەکی پارتی لیبرالی کوردستان، لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا خەباتێکی رامیارییە بۆ ئازادییو  بڵاوکردنەوەی بنچینەکانی لیبرالیزم.

باشووری کوردستان:
لەبەر بارودۆخی تایبەتی ئەمڕۆی باشووری کوردستانو بوونی ئەم بەشە بە چەقی بزووتنەوەی رزگاریی هەموو گەلی کوردستانو بێشکەی پرۆسەی دیموکراسیکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پارتیمان داهاتووو سەرکەوتنی پرۆسەی باشووری کوردستان بە چارەنووس ساز دەبینێت بۆ ئازدکردنی هەموو کوردستانو گەیشتنی میللەتمان بە داواکارییە رەواکانی. بۆیە پارتیمان بایەخێکی تەیبەت بە پرۆسەی باشووری کوردستان دەداتو هەوڵدەدات وەک هێزێکی رامیاریی، پۆزەتیڤی، بەهێزکەرو دروستکەر لەو گۆرەپانە گرنگەدا جیگای خۆی بکاتەوە.
پارتی لیبرالی کوردستان (پ ل ک)، باوەڕی بە پتەوکردنی خەباتی هیزە رامیاریە کوردستانییەکان هەیە لە باشووری کوردستاندا بۆ بەدەستهێنانی مافە دێرینو رەواکانی گەلی کوردستان. پارتیمان ئاگاداری ناسکی قۆناغەکەیە، بۆیە پشتگیری لە هەنگاوی رامیاریی وردو ژیرانە دەکات. هاوکات پشتگیریی لە هەموو ئەو هێزە کۆمەلایەتیانە دەکات کە هەوڵدەدەن کۆمەڵگایەکی کوردستانی پێشکەوتوترو مرۆڤانەتر دروستبکەن.

تیروانینو خەباتی پارتیمان لە باشووری کوردستان:
1 ـ فەرمانڕەوایەتی: پ ل ک، دژ بەدابەشکردنی باشوورەو لەگەڵ بوونی یەک فەرمانڕەوایی نیشتیمانیی، یەک دارایی، یەک هێزی پۆلیسو یەک لەشکرە لە هەریمی باشووردا. فەرمانڕەوایی نیشتیمانیی ئەو فەرمانڕەوایەتیەیە کە لە رێگەی هەڵبژاردنی ئازادەوە میللەت باوەڕی پێدەبەخشێت.

2 ـ پ ل ک، دژ بە گشت روخسارێکی زەبردەستانەیە،و خەباتدەکات بۆ داسەپاندنی دیموکراسییەتی سیاسی،و کۆمەلایەتیو ئابووری. ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کە پارتی سیاسی خاوەن دەسەلاتی چەکداریی بێت. دژ بەوەین کە پارتی سیاسی دەست بەسەر ئابووریی نەتەوەیدا بگرێت. دژ بەوەین کە پارتی سیاسی دەست بەسەر دەزگاکانی راگەیاندندا بگرێت، ئێمە دژ بەوەین کە پارتێکی سیاسی دەست بەسەر حکومەتی هەرێمدا بگرێت. دەسەڵات لە کۆمەڵگای کوردستاندا لە لایەن میللەتەوە دەبەخشرێت بە فەرمانڕەوایەتییەکی ئازادانە هەڵبژێردراو. چەکداریی تەنها بۆ لەشکری کوردستانە، دارایی نەتەوەیی سامانێکی نەتەوەییەو فەرمارەوایەتی کوردستان بەڕێوەبەریەتی،و ئازادیی دەزگاکانی راگریەندن یەکێکە لە بنەما هەرە گرنگەکانی کۆمەڵگای دیموکراسیو

لیبرال. پارتیمان هەمیشە فاکتەرێکی بەهێزکردنی فەرمانڕەوایی نیشتمانیو پلورالیزمی حزبیو دەموکراسییەتی رامیاریی دەبێت.

3ـ پەرلەمانو هەڵبژاردن: ئێمە دەمانەوێ کوردستانێک ببینین کە
ـ هەموو دەسەڵات تیایادا بەدەست خەڵکەکەوە بێت.
ـ خەڵکی کوردستان بتوانن ئەو دەسەڵاتە لە رێگای نوێنەرانی پەرلەمانیانەوەو ئۆرگانەکانی دەوڵەتی فیدرالەوە بەکار بێنن.
ـ نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە رێگەی هەڵبژاردنێکی گشتی، بێ جیاوازیی، راستەوخۆو نهێنییەوە هەڵببژێردرێن.
ـ حکومەتی کوردستان دەبێ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دیاریبکرێت. حکومەتی کوردستان بەرانبەر بە پەرلەمانی کوردستان بەرپرسیاربێت.

بۆیە لە پێناوی پەرلەمانێکی فرەڕەنگ. پەرلەمانێک کە بەر لەوەی نوێنەری دەسەڵاتو پارتی سیاسی بێت، نوێنەری گشت مرۆڤێک بێت. پارتیمان خەبات دەکات بۆ :
ـ چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان، فەرمانڕەوایەتیی،و ئەنجومەنی ناوچەکانو شارەوانییەکان بکرێت.
ـ هەموو کەسێک لە تەمەنی 25 ساڵییەوە، بتوانێت چ وەک پاڵێوراوی پارتێکی رامیارییو چ وەک تاکێکی سەربەخۆ خۆی بۆ ئەندامایەتی پەرلەمانی کوردستان کاندید کات.
ـ بەدەستهێنانی رێژەی 2% کورسی پەرلەمانیی بە پارتەکان ببەخشێت.
ـ بەدەستهێنانی ریژەی 5% کورسی پەرلەمانیی بە تاک ببەخشێت.
ـ پترکردنی ژمارەی ئافرەتان لە پەرلەماندا.
ـ پترکردنی ژمارەی لاوان لە پەرلەماندا.

4ـ فیدرالیزم: پ ل ک، هەرچەندە خەباتی سەرەکی، هەمیشە بۆ کوردستانیکی سەربەخۆیە. بەڵام بێگومان، لە هەلومەرجی ئەمرۆدا،و لە چوارچێوەی سیستێمێکی دیموکراسیدا، لەگەڵ هەموو هەنگاوێکە کە سەربەخۆییەکی پتر بە هاوڵاتیی کوردستانییو کوردستان ببەخشێت. بۆیە نەک هەر پشتگیریی لە پرۆژەی فیدرالییەتی باشوور دەکات، بەڵکو بەکارهێنانی سیستێمی دەولەتی فیدرالی لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەراستدا هەم بە چارەسەریک دەبینێت بۆ کێشە نەتەوەییەکانو هەم بە رێخۆشکەرێکیش دەبینێ بۆ دروستکردنی یەکیەتییەکی ئابووریی نوێ کە بتوانێت بەربەرەکانی هەرێمە ئابووریەکانی تری جیهان بکات.
بەڵام ئێمە فیدرالییەتێکمان پێ پەسەندە کە باشووری کوردستان بێ داپاچیینو بەشکردن بگرێتەوە. واتە پ ل ک لە گەل فیدرالیزمێکی جوگرافییە کە هەموو هەرێمەکە بگرێتەوە. ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کە لە رێگەی ئاماری دانیشتوانەوە بڕیاربدرێت کوێ کوردستانە،. باشوورمان خاوەن نەخشەیەکی جوگرافی دیارە. خاکی کوردستانیش کوردستانە جا گەر یەک تاکە کوردی لەسەر بژی یان نا. هەموو کەسێکی لە ناو سنووری کوردستاندا بژی هاوڵاتییەکی کوردستانییەو خاوەن مافە. کوردستانی ئێمە وڵاتێکی فرە رەنگو دینو رەگەزە. لە کۆتایدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە پارتیمان دژ بەوەیە کە هەرێمی باشووری کوردستان لە نێوان پارتەکاندا دابەش بکرێت،و بکرێت بە دوو هەرێمی فیدرالی جیاواز. خەباتی ئیمە بۆ ولاتێکی ئازادو مرۆڤێکی شادومانە.

5ـ گەندەڵی ئێداریی: تاقیکردنەوەی دەیەی رابوردوو ئاشکرا سەلماندی کە یەکێ لە دیاردە هەرە زیانبەخشو رێگرەکان لە بنیادنانی ژێرخانی ئابوورییو رێگر لە پێشکەوتنی مرۆڤو کۆمەڵگاو دامودەزگاکانی باشوور، نەبوونیی هاوسانیو بڵاوبوونەوەی رەوشتی مشەخۆرییو پیسخۆرییو واستەکارییو دەستدرێژیی کاربەدەستانی دەزگا جیاوازەکانی حکومەتی هەرێمە. پ ل ک، دژ بە گشت روخسارێکی گەندەڵی ئیدارییو بێدادیی،و ناهاوسانییو دەستدرێژییە. بۆ پێشکەوتنی کوردستان پێش هەموو شتێک پێویستیمان بە بنەبڕکردنی ئەم

رووخساره زیانبەخشە هەیە.خەباتی پارتیمان بۆ کوردستانێکە کە دەسەڵات تیایادا دەسەڵاتی یاسا بێت. یاساش بۆ هەموو کەسێک هەمان یاسا بێت.

6ـ کاربەدەستیی: پ ل ک، باوەڕی بە گرنگیی پلەی زانستیو کارشناسی هەیە. بۆیە پێسپاردنی ئەرکو پلەی بەرێوەبەرایەتییو دەزگا جۆربەجۆرەکان لە فەرمانرەوایەتیی کوردستانی باشووردا دەبێ پێش هەموو شتێک بە پلەی زانستییو شارەزاییو کارامەییەوە بەسترابێتەوە، نەک بە ئەندامایەتی حزبی سیاسیو خزمایەتییەوە. هەروەها حکومەتی کوردستان دەبێ سیاسەتێکی وەها بەرانبەر بە کوردستانیانی هەندەران بگرێتە بەر کە هانیاندات بگەڕێنەوە کوردستانو چالاکانە بەشداری پرۆسە جیاوازەکان بن.

7ـ بیروکراسییەت: رەوشی فرە دواکەوتووانەی بەڕێوەبردنی فەرمانبەرایەتیەکانو بیروکراسییەتی نەگەتیڤانە رێگرێکی مەزنە بەرانبەر بە راپەراندنی پرۆسەی دروستکردنەوەی کوردستانو گەشەسەندنی بازرگانییو سەرمایە بەگەڕخستن. پارتیمان لەگەل نۆژەنکردنەوەی سیستێمی ئیداریو لەناوبردنی گشت جۆرە بیرۆکراسییەتێکی رێگرە. پارتیمان دژ بەوەیە کە کاتو بەرژەوەندیی هاوڵاتیی کوردستانی بکرێت بە قوربانی سیستێمێکی دواکەوتووو نەخۆش. پارتیمان دژ بەوەیە کە هاوڵاتیی کوردستانی لەلایەن کارمەندانی دەزگاکانەوە بێڕێزیی بەرانبەر بکرێت. حکومەتو دەزگاکانی بۆ خزمەتکردنو جێبەجێکردنی پیداویستیەکانی هاوڵاتیان دروستکراون.

8ـ مافەکانی تاک: ئێمە دابینکردنی هەموو ئەو مافو ئازادیانەی کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤو پەیماننامە نێو دەولەتیەکانی سەر بەم بەیاننامەن بە ئەرکێکی سەرەکی هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیو رامیاریەکانی کوردستان دەبینین. پ ل ک، دژ بەوەیە کە مافەکانی تاک تەنها وشەی سەر پەرەو ناو گوتاران بێت، بێ ئەوەی لە ژیانی رامیارییو کۆمەلایەتیدا جیبەجیبکرێنو رێزیان لێ بگیرێت. بۆیە گوژی خەباتمان لە کۆمەڵگای باشووردا بۆ بەڕاستیکردنی مافەکانی تاکو دابینکردنی مافە کەسایەتیەکانو شارستانیەتەکانە بۆ گشت ئەندامێکی کۆمەڵگا. لە چەند دێری خوارەوەدا، هەندێ لەو مافانە ناودەبەین.
- مافی ژیانو پارێزراوبوونی مرۆڤ لە هەموو جۆرە دەستدرێژیو پێشێلکارییەکی جەستەییو دەروونی.
- مافی سەربەخۆیی،و قەدەغەکردنی هەموو دیاردەو روخسارێکی کۆیلایەتیو زەبردەستی.
- مافی موڵکداریو سامانداریی.
- مافی گوزەرانو سوودوەرگرتن لە گشت پێداویستەکانی ژیانێکی مۆدێرن.
- مافی ژیانێکی رێزدارانەو ئاسوودەو بێ ترس.
- مافی ژیانێکی دابینکراوو دوور لە هەژاریی.
- مافی دامەزراندنی کارو بزنسی سەربەخۆ.
- مافی خوێندنو فێربوونو سوود وەرگرتن لە گشت دامودەزگاکانی فێربوون لە کۆمەڵگادا.
- ئازادیی هەڵبژاردنی خوێندن، شوێنی خوێندنو مافی خوێندن.
- مافی تەندروستیو بەهرەمەندبوون لە دامودەزگا تەندروستیو پزیشکیەکانی کۆمەڵگا،و مافی دارایی پێداویستەکانی خودپارێزیی لە نەخۆشی.
- ئازادیی بیروباوەڕ. دروستکردنی رێکخراوی رامیارییو کۆمەڵایەتیو ئابووریی. ئازادیی چاپەمەنیو دەزگاکانی راگەیاندن، رادەربڕین،و خۆپیشاندان، مانگرتنو ئازادیی رخنەگرتن لە دیاردەی رامیارییو ئایدیۆلۆژییو کلتووریو رەوشتیی.
- مافی بەهرەمەندبوون لە ژینگەیێکی پاک.
- ئازادیی هاتوچۆو هەڵبژاردنی شوێنی ژیان.
- ئازادیی هەڵبژاردنی کارو خاوەنکارو شوێنیکار.

ـ پارێزراوبوونی ژیانی تایبەتی تاکو خێزان. پارێزراوبوونی شوێنی ژیانیانو پەیوەندیەکانیان لە دەخالەتی گشت جۆرە دەسەڵاتەکان.
ـ قەدەغەکردنی سانسۆرو مافی ئاگاداربوونو زانینی راستیی.

9 ـ خوێندن: سیستێمی خوێندن هەمیشە خولێکی سەرەکی دەبینێت لە پێشکەوتنی تاکو کۆمەڵگادا. زارۆکەدە (باخچەی منداڵان)و فیرگەو قوتابخانەکان شان بە شانی دایکو باوک رۆڵێکی مەزن دەبینن لە بەخشینی ئامادەیی هۆشیی، جەستەیی، دەروونیی، کۆمەڵایەتییو کارامەیی بە منداڵانی کوردستان. بۆیە گۆرینی سیستێمی پاشکەوتووی خوێندن لە کوردستاندا، بۆ پارتیمان لە پێداویستە هەرەگینگەکانە.
خوێندگەکانی کوردستان لە بۆچوونی ئێمەوە، دەبێ ببن بە ئامرازی چاندنی رووخسارو رواڵەتەکانی، ئازادی, پێشکەوتن، دیموکراسییەتو هاوسانی لای خوێندکارانمان ئێمە دەمانەوێ سیستێمی خوێندکاری بگۆرین بە سیستێمێکی دیموکراتخوازانەی کە تیایادا سوود لە توانای گشت خوێندکارێک وەربگیرێت، کە تیایادا رێز لە توانای گشت خوێندکارێک بگیرێت، کە تیایادا گشت خوێندکارێک بتوانێت کار لە بەرنامەی خوێندنو چالاکیەکانی قوتابخانەکەی بکات. مافی منداڵانە کە ژیانی خوێندکارییان لە زارۆکەدەکانەوە (باخچەی منداڵان) دەستپێبکەن. زارۆکەدەکان بناغەدارێژنو رۆڵێکی مەزنیان هەیە لە چاوکردنەوەی منداڵانمان. لە راهێنانی تواناکانی هۆشو دەروونو جەستەیان. بۆیە دەبێ منداڵانمان تیایاندا بە مۆدێرنترین شێوە پەروەدەبکرێن.
سیستێمی خوێندن لە کوردستاندا دەبێ بەرێزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ جیاوازی نێوان خوێندکاران بکات، دەبێ پەی بەوە ببات کە منداڵی زیرەکو تەمبەڵ نییە، بەڵکو دوو مرۆڤی خاوەن ئارەزووی جیاوازو پێداویستی جیاواز بۆ فێربوون هەن. بۆیە دەبێ داراییو تواناکانی سیستێمی خوێندنمان وەها بەکاربێت کە پێداویستی هەموو تاکە قوتابییەک پرکاتەوە.
هەروەها ئێمە سیستێمێکمان دەوێت کە تا کلاسی 10 ، بەڵگەنامەی تێدانەبێت. ئێمە لەگەڵ بوونی قوتابخانەیەکدا نین کە وانەکانی بە مندڵەکانمان لەبەرکات، ئێمە پێویسیمان بە سیستێمێکە کە منداڵەکانمان فێرکات چۆن خۆیان بەدوای وڵامدا بگەرێنو زانیاریی بەدەست بێنن. ئێمە پێویستمان بە قوتابخانەیەکە کە هەر لەمنداڵییەوە منداڵمان فێری مێتوودو رەوشتی زانستیانەی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنو رەخنەو هەڵهێنجانی راستی بکات.
خوێندگەکانمان، دەبێ بە شێوەیەکی پراکتیکیانە، منداڵانی کوردستان فێری هاوسانی، هاوکاری، کارکردنو هەڵسوکەوتکردن لە ژینگەیەکی دیموکراسیانەدا بکات. خوێندکاران دەبێ هەست بە بەرپرسیاری بکەن لە خوێندگەکانداو بەشداری پرۆسەی برپاروەرگرتن بن. خولیایی منداڵ بەدوای زانیاریدا دەبێ هەمیشە چەقی سیستێمەکەبێت.
ئێمە خەبات بۆ سیستێمێکی نوێو مۆدێرن دەکەین کە هەموو کەسێک تیایادا، دەبێ بەلای کەمەوە کلاسی 9 تەواوکات. سیستێمێک کە شارەزاییەکی فرەلایەنی بە خوێندکاران ببەخشێت. کە هەر لەسەرەتایەوە تا کۆتایی پەرە بە توانا هونەری، وەرزشی، کولتووریو زانستانی خوێندکارەکانی بدات.
ئێمە لەگەڵ بەدیدهێنانی بەربەرەکانیەکی پۆزەتیڤانەین لە نێوان خوێندگەکاندا، ئەمەش پێوستی بەوەیە کە خوێندگەکان بتوانن ئازادانە مۆدێلی تایبەتی خۆیان هەڵبژێرنو بەکاری بێنن، بە مەرجێک بنچینەکانی لیبرالیزمو دیموکراسییەت بپارێزن.
هەروەهاش، بۆ پێشخستنی سیستێمی خوێندن، دەبێ بایەخێکی پتر بە مامۆستایان بدرێت. دەبێت خوێندنی بالای مامۆستایی مۆدێرن بکرێتەوەو مووچانەی مامۆستایان دەبێ لە ئاستی خزمەتە مەزنەکەیاندابێت، بارو دۆخی شوێنی کارکردنیان دەبێ بایەخێکی زۆری پێبدرێت. ژمارەی زارۆکەدەو دەبستانو زانکۆ دەبێ گەلێ زێتربکرێتو شێوەی دروستکردنیشیان دەبێ لەگەڵ پێداویستە نوێکاندا گونجاوبێت.
جگە لە مانەش ئێمە لەگەڵ کردنەوەی جیهانین بۆ خوێندکارە زانکۆییەکانمان. ئەم خویندکارانە دەبێ بتوانن ئازادانە لە هەموو زانکۆکانی جیهاندا بخوێنن.

مۆدێرنکردنەوەی سیستێمی خوێندنی زانکۆکانو بەرزکردنەوەی پلەی زانستییان بۆ ئێمەی لیبرال ستراتیژە. ئێمە دەمانەوێ بودجەی زانکۆکان بەڕادەی پێویستییان بەرزبکەینەوە. بۆ کردنەوەی دەروازە زانستییەکانی جیهان بۆ خوێندکارانمان دەمانەوێت زمانی ئینگلیزی لە پاڵ کوردیدا ببێت بە زمانی خوێندنی زانکۆیی. دەمانەوێت خوێندکارانی زانکۆکان بەدرێژایی ماوەی خوێندنیان مووچانەی خوێندکارییان بۆ ببڕدرێتەوە. دەمانەوێ خوێندکارانمان گەر ئارەزووکەن بتوانن بەشێکی خوێندنیان لە کوردستانو بەشێکی لە دەرەوەی وڵات بخوێنن.

10 ـ زانکۆی کوردستان: پ ل ک، هەوڵی دامەزراندنی زانکۆیەکی مۆدێرنو ئاستبەرزی تایبەت دەدات بە ناوی زانکۆی کوردستان، کە دەروازەکانی کرابێتەوە بۆ خویندکارانی کوردستانیی لە هەموو وڵاتەکانی تری جیهاندا. ئەم زانکۆیە تایبەت دەبێت بە لیکۆڵینەوە لە بوارەکانی، زمانی کوردی( بەمەبەستی دارشتنی فەرهەنگی زمانی یەکگرتووی کوردی)، میژووی کوردستان، دین لە کوردستان، جوگرافیای کوردستان،و کۆمەڵناسیی کوردستانیو ئابووریی کوردستان.

11 ـ مووچانەیٚ هاوڵاتیی‌و کێشەی هەژاریی: بێبەش کردنی مرۆڤی کوردستانیی لە سامانو دارایی خاکەکەی هۆی سەرەکی بڵاوبوونەوەی هەژارییە لە کوردستاندا. لە بارودۆخی ئەمڕۆی ناوچەکەداو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەژاریی‌و بەرزکردنەوەی موزدی خانەنشینیو بەهێزکردنی بنەماکانی هاوسانیو دادگوزاریی کۆمەڵایەتی. پ ل ک داوای برینەوەی مووچانەیەک دەکات بە ناوی (هاوڵاتیانە) بۆ گشت هاوڵاتییەکی کوردستانیی لە رۆژی لەدایک بوونیەوە تا مردنی. ئەم مووچانەیە دەبیٚ بایی ئەوەندەبێت کە پێداویستە سەرەکیەکانی ژیانێکی رێزدارانە بۆ هاوڵاتی دابینکات.

12 ـ خزمەتگوزاریە تەندروستیو پزیشکیەکان: لە روانگەی ئێمەی لیبراڵەوە، ئەم خزمەتگوزاریانە، مافی هەموو هاوڵاتییەکەو بەشی سەرەکی خەرجەکەی دەبیٚ لە رێی بیمە کۆمەڵایەتیەکانی دەوڵەتەوە بدرێت. ئێمە دەمانەوێ سیستێمێکی چارەسازیی بنیادنێین کە گەرەنتیەکەری پێشکەشکردنی پێشکەوتوترین شێوەی چارەسازییو چاکترین پلەی خزمەتگوزارییو تۆڕێکی فریاگوزاریی بەرفراوانبێت. حکومەتی کوردستان دەبیٚ بایەخێکی تەواو بە بردنەسەری پایەی لەش ساغی هەموو خەڵکی کوردستان بداتو خەستەخانە، ئاسایشگە، زایینگەو بنکەی بەخێوکردنی کەمئەندامانو بەساڵاداچووانی رەبەنو بیٚ خێزان بە هەموو کوردستاندا بڵاوکاتەوە. بۆ تەندروستیی هاوڵاتیانیش دەبیٚ بنکەی وەرزشییو مەلەخانە بڵاوکاتەوەو فەرهەنگی لەشپارێزیی بکات بە وانەیەکی سەرەکی فێرگەکانی کوردستان. دەمانەوێت گشت هاوڵاتییەک ساڵانە کۆنترۆلی پزیشکیی لەشو دەمودانی بکرێت.

13 ـ فەرهەنگ: تاک، مەبەستو سەرچاوەی بیروباوەڕی ئێمەی لیبراڵە. کولتووریش وەک چۆن تاک پێشدەخاتو فێریدەکات، هەروەهاش فراوانیی ئەندیشەو شادومانی پێدەبەخشێت. بۆیە دەبیٚ کۆمەڵگا گەرەنتیکەریی گەشەکردنی گشت بوارە کولتوورییەکانبێت. پارتیمان ئەوپەڕی گرینگی بە بەرزکردنەوەی پایەی کولتورییو فەرهەنگیی تاکو کۆمەڵگا دەدات. کوردستان وەک چۆن پێویستیی بە خەستەخانە هەیە. بە هەمان رادە پێویستی بە دامەزراندنی بنکەی فەرهەنگییو زانستیی، سینەما، شانۆ، ئۆپراو فەرهەنگستان هەیە. دەبیٚ بایەخێکی تەواو بە پێشخستنی فەرهەنگ لە کوردستاندا بدرێتو پشتیوانییەکی فراوان بۆ هونەرمەندانو نووسەرانو زانایان فەراهام بکرێت.

14 ـ لاوان: مەزنترین سەرمایەی کوردستان لاوانیەتی. بۆیە دەبیٚ سەرنجێکی فرە تایبەتیان لیٚ بدرێتەوەو هانبدرێن کە چالاکانە بەشداریی پرۆسە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریەکان بن. هەروەها دەبیٚ هەموو جۆرە پێداویستێکی پەروەردەییو خۆشگوزەرانییان بۆ دابینبکرێت.

15 ـ کشتوکاڵ: توانای کشتوکاڵیی کوردستان، سامانێکی ئابووری نەتەوەیی فرە گرنگە. بۆ چاکترین شێوە سوود وەرگرتن لەم سامانە بە گرینگی دەزانین کە :

ـ نارەوایی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان لە بواری دابەشکردنو موڵکداریی زەوییەوە بە شێوەیەک چارەسەر بکرێت کە بەرژەوەندی هەموو مرۆڤێک بپارێزێت.
ـ پترکردنی بەرهەمی کشتوکاڵیی لە رێگەی میکانیزەکردنو بەکارهێنانی شیوەی زانستیی بۆ بەرهەمهێنان.
ـ ژیاندنەوەو بایەخدان بە سەرچاوە ژێرزەمینییەکان، ئاوو لێوارەکان، لەوەڕگەکانو دارشتنی بەرنامەی بەراوەکانو هەڵبەستنی بەربەند.
ـ یارمەتیدانی وەرزێڕان بۆ کڕینی ئامرازی پێشکەوتوو،و دابینکردنی قەرزی درێژماوەو کەم سوود.
ـ پەیداکردنو دابینکردنی بازاڕی ناوچەییو جیهانی بۆ بەرووبوومی جوتیارانی کوردستان.
ـ بیمەکردنی وەرزێڕان بەرانبەر بە کارەساتە سروشتییەکانو پێشهاتەکانی کارو نەخۆشییو پیریی.
ـ بۆ گەشەپێدانی ئاژەڵداریی، دەبێ پێشکەوتووترین شێوەکانی ئاژەڵداریی فێری ئاژەڵداران بکرێتو پێداویستی تەکنیکیو لەوەڕگەیان بۆ ئامادەبکرێت.

16 ـ رێگاخۆشکردنو دابینکردنی واموو قەرزی پێویست بۆ دامەزراندنی فابریکو پەرەپێدانی بازرگانی ناوچەییو جیهانیی ئەوپەڕی گرینگی هەیە بۆ:

ـ گەشەپێدانی سەرمایەی تایبەتییو گشتیی.
ـ پیشەسازیکردنی کوردستان.
ـ نەهێشتنی بێکاریی.
ـ بردنە سەری پایەی ژیانی خەڵکی کوردستان.
ـ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیو کارامەیی چینی کرێکاران.

بۆیە پ ل ک، لەم قۆناغە سەرەتاییەدا، دروستکردنو پتەوکردنی ژێرخانی ئابووریی کوردستانو دابینکردنی پێشکەوتنی ئابووریی لە رێگەی بەرنامە دارشتنێکی زانستییەوە بە یەکێ لە هەرە ئەرکە گرینگەکانی حکومەتی کوردستان دەبینێت.

17 ـ ژینگە: ئەرکێکی دیکەی کۆمەڵگای نوێمان پاراستنی ژینگەو سەرچاوە سروشتییەکانو رووبار، کانی، دارستان، گیانلەبەرە کێوییەکان، باڵندەو ماسی یە. بۆیە دەبێ فەرمانرەوایەتی کوردستان لە کاتی هەڵبژاردنی ناوچەی پیشەسازییو دروستکردنی رێگەو بانداو یاسا دارشتندا، پاراستنی ژینگەو سروشتی کوردستان رەچاوبکاتو رێگا بە راووی بێ سەروبەر نەدات.

# چەند هەڵوێستێکی گرینگ

1 ـ مەزنترین دووژمنمان:

مەزنترین دووژمنی ئێمەی لیبرال فەرمانڕەوایی زەبردەستانەیە (استبداد، Totalitarianism ). پارتو دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی تۆتالیاریستانە خاوەن 6 روخسارن:

ـ تەنها یەک بیروبۆچوون بە دروست دەزانێت.
ـ رژێمەکە لە ژێر دەسەڵاتی یەک پارت دایە. پارتەکە لە ژێر دەسەڵاتی یەک کەسدایە. هەمان کەس کۆنترۆلی کاری حکومەتیش دەکات.
ـ بوونی ئۆرگانێکی پۆلیسیی تیرۆرستانە کە سیستێمی پاداشو سزا بەکاردێنێت بۆ دەمکوتکردنی هەوڵاتیانو ئۆرگانەکانی کۆمەڵگا.
ـ دەستگرتن برسەر دامودەزگاکانی راگەیاندن.
ـ دەستگرتن بەسەر بازارو ئابووریدا.
ـ تەنها دەسەڵاتداران مافی چەک هەڵگرتنیان هەیە.

ئێمە وەک پ ل ک، هەمیشەو لە هەموو شوێنێکدا، لە کوردستانی ئۆتۆنۆمدا، لە کوردستانی فیدرالداو لە کوردستانی ئازاددا دژ بە گشت روخارێکی تۆتالیتاریستانەین. ئێمە وەک پ ل د ک، هەمیشەو لە هەموو شوێنێکدا، لە ناو خێزاندا، لە ناو کۆمەڵگادا، لە ناو داموو دەزگاکاندا دژ بە گشت بیرێکی ئیستیبدادین. دژ بە گشت رەوشتێکی زەبردەستانەین.

2 ـ کێشەی جیندەریی:

بزوتنەوەی ئازادی ئافرەتانو سەرەتاکانی فێمێنیزمیی جیهانیی کە بە First waveو Second wave ناسراوە. هەمیشە بزوتنەوەیەکی لیبرالیستانە بووە. سەرچاوە فەلسەفییەکانی لیبرال فێمێنیزم، لە هەموو قۆناغەکانیدا باوەڕی بە مافەکانی تاک هەبووە. باوەڕی بە گرینگیی تاک هەبووە. ئەمەش بەوەمان دەگەێنێ کە مرۆڤ هەموو هاوسانن بێ بایەخدان بە بە جیندەر (جنس)، رەگەز، رەنگ، دین.

مرۆڤ بۆ ئێمە هەمان مرۆڤە. هەڵسەنگاندن لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە ژن هو پیاو نییە، بە رەگەزو دینو رەنگ نییە. ئەندامانی کۆمەڵگا دەبێ هەمان هەلی پێشکەوتنو گەشەکردنیان بۆ بڕەخسێندرێت.

کۆمەڵگای کوردستان، وەک گەلێ کۆمەڵگای دی، کۆمەڵگایەکی بابسالارییە. لە ناو خێزاندا، لە فێرگەکاندا، لە شوێنی کاردا، لە بەڕێوەبەرایەتیو دەزگاکاندا، ئاشکرا ژنو پیاو جیاواز هەڵدەسەنگێندرێن. لە بۆچوونی ئێمەی لیبرالەوە، جیاوازیی نێوان ژنو پیاو جیاوازییە لە دەسەڵاتدا،و کۆمەڵگای هاوسان ئەو کۆمەڵگایەیە کە دەسەڵات تیایادا هاوسانە. ئەو کۆمەڵگایەیە کە ژنو پیاو تیایادا خاوەن هەمان دەسەڵاتن. بۆیە خەباتی ئێمە بۆ کوردستانێکە کە ژن تیایادا دەسەڵاتی بەسەر ژیانی خۆیدا هەبێتو ئازادانە بڕیاروەرگرێت.

Liberal Party of Kurdistan

# پەیڕەوی ناوخۆی پارتی لیبرالی کوردستان

بەندی یەکەم: ناوو و پێکهاتەی پ ل ک

1. ناووی پارتەکە ( پارتی لیبرالی کوردستان).
2. پ ل ک، پارتێکی لیبرالی، میانەڕەوی ریفۆرمیستە.
3. پارتی گشت مرۆڤێکی کوردستانییە، کە باوەڕی بە لیبرالیزم هەبێت و ئامادەبێت خەبات بۆ جێگیرکردنی بنچینەکانی و مسۆگەرکردنی مافەکانی تاک لە کوردستاندا، بکات.
4. پ ل ک خەباتدەکات بۆ:

A. جێگیرکردنی بنچینەکانی لیبرالیزمو مسۆگەر کردنی مافەکانی تاک لە کوردستاندا.
B. بەگەڕخستنی تواناکانی تاکی کوردستانی و بەهێزکردنی هەستی بەرپرسیاریەتی کەسیی.
C. بەرپاکردنی شۆرشی رۆشنبیری، بە مەبەستی رزگارکردنی مرۆڤی کوردستانی لە بەند و کۆتی پاشخەر و جێگیرکردنی داب و رەوشتێکی کە رێز لە مافەکانی تاکە مرۆڤ و کۆشش و توانای بەرهەمهێنانی بگرێت.
D. بنیادنانی سیستێمێکی دیموکراسیی پەرلەمانی و دەستورێکی علمانی، و حکومەتێک کە چالاکانە کاربکات بۆ دابینکردنی ئازادیەکانی تاک و پابەندی پەیمانە نێودەوڵەتیەکان بێت.
E. پاراستنی ئازادیەکانی تاک لە دەستێوەردان و کۆنترۆلی دەولەت، و براگەورەیەتیی حزبی شمولی و ئایدیۆلۆژی تەنگ و گشت بیرێکی مەترسیدار و بەندکەر بۆ ئازادیەکانی تاکە مرۆڤ.
F. داڕشتنی بەرنامەیەکی گونجاو بە سەردەم بۆ بونیادنان و بەرەوپێشبردنی وڵات.
G. سڕینەوەی ئاسەواری شەڕی براکوژیی.
H. دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ هاوڵاتیان.
I. مسۆگەرکردنی دادگوزاریی کۆمەڵایەتیی، کە پێداویستی سەرەکی پێشکەوتنی کۆمەڵگایە بەرەو کۆمەڵگایەکی مۆدێرن کە باوەڕیی بە هاوژینیی ئاشتییانە و پشتگیریی و رێزە لە کەرامەتی مرۆڤ.
J. دەرگاکردنەوە، بۆ سەرمایەو بەرهەم هێنام لە کوردستاندا و رزگارکردنی بازار لە کۆنترۆلی دەوڵەت و حکومەت و حزبەکان و بەستنەوەی ئابووریی کوردستان بە ئابووری جیهانەوە.

بەندی دووەم: پ ل ک لە قۆناغی سەرەتایدا.

پ ل ک لە سەرەتایدا بریتییە لە یەک گوتەبێژی سەرەکیو دوو دەستەی ئامادەکاریی (دەستەی کوردستانو دەستەی هەندەران). هەر یەکێ لەم دەستانە 30 تا 50 ئەندامی دەبێت. هەردوو دەستە راستەوخۆ بە گوتەبێژی سەرەکییەوە پەیوەندن. ئەرکەکانی ئەم گروپە سەرەتاییە بریتین لە:

1. راگەیاندنی پەیامی پ ل ک لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات.
2. هەنگاو بە هەنگاو دروستکردنی کۆمەڵەو کۆمیتەو کۆمیسیۆنو ئەنجومەنەکانی پ ل ک.
3. بەردەوام چاکترکردنی پەیڕەوو پرۆگرامو دەزگاکانی پ ل ک.

بەندی سێیەم: رێکخراوی پ ل ک

رێکخراوی پ ل ک، دەزگایەکی سێ پلەییە:

1. پلەی یەکەم، پلەیەکی یاساگوزارییە ( Institutional Level )، واتە دەزگایەکی یاساگوزارییە، کە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنە.

A. ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، لەلایەن سەرۆکی پ ل ک، کە گوتەبێژی سەرەکیی پ ل کیە بەڕێوەدەبرێت.
B. ئەنجومەنی بەڕێوەبردن یەکێ لە ئەندامەکانی بە سکرتێری پ ل ک هەڵدەبژێرێ.
C. ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بەرزترین دەزگای سەرکردایەتی پ ل ک، کە بەرپرسیارە لە:

a. جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە.
b. داڕشتنی پلانە درێژخایەنەکان.
c. داڕشتنی ستراتیژیەتی کار و گونجاندنی لەگەڵ واقیعدا.
d. داڕشتنیی پلانی ئابووریی.

2. پلەی دووەم، پلەیەکی بەڕیوەبەرایەتییە ( Administrativ Level )، کە دەزگای ڕێکخستنی پ ل کیە. سکرتێری پ ل ک کە لەلایەن ئەنجومەنی بەڕێوەبردنەوە هەڵدەبژێردرێت، سەرکردایەتی ئەم دەزگایە دەکات. بەڕێوەبەرانی کۆمیتە کارگوزارەکان ئەندامی دەزگای ڕێکخستنی پ ل کن.

3. پلەی سێیەم ، پلەی جێبەجێکردن و کارگوزارییە ( Operative Level )، لەم پلەیەدا ئەو سەرکردانە هەن کە سەرپەرشتی کاری ڕۆژانەی ڕێکخراوەکە دەکەن.

بەندی سێیەم: ئەندامەتیی

مەرجەکانی ئەندامایەتیی:

پ ل ک، ڕێکخراوێکی دیموکراسییە و جێگای مرۆڤی ڕۆشنبیرو تەکنۆکراتو ئەکادیمی کوردستانییە. بەمەرجێ

1. تەمەنی لە 16 ساڵ کەمترنەبێت.
2. بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی پ ل ک خوێندبێتەوەو پەسەندیکردبێتو ئامادەبێت کاری بۆ بکات.
3. ئەندامی هیچ ڕێکخراوێکی رامیاریی دیکە نەبێت لە کوردستاندا.
4. داواکاریی ئەندامایەتی پڕکاتەوە.
5. مافی ئەندامایەتی بدات.
6. شەش مانگی یەکەم وەک پاڵێورو لەژێر هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەدابێت.

**تێبینی:**

کوردستانیەکانی هەندەران مافیان هەیە ببنە ئەندامی پارتە رامیاریەکانی نیشتیمانی دووهەمیشیان.

جۆرەکانی ئەندامەتیی:

1. ئەندام: ئەندامی تەواو، ئەو ئەندامە چالاکەیە کە 6 مانگ بەسەر پڕکردنەوەی فۆرمی ئەدامەتییدا تێپەڕیوە. ئەندامی تەواو مافی بەشداریی تەواوی هەیە لە چالاکی و دەزگاکانی پارتدا و مافی خۆهەڵبژاردن و دەنگدان و بەشداریکردنی پرۆژە ئابووریەکانی پ ل ک هەیە.
2. پالێوراو: ئەو ئەندامەیە کە 6 مانگ بەسەر ماوەی ئەندامەتی تێنەپەڕیوە. ئەندامی سەرەتایی بۆی هەیە دەنگبدات و بەشداری کۆبوونەوە و دادوستان و چالاکیەکانی پلک بێت و ئابوونەبدات، بەڵام بۆی نییە خۆی هەڵبژێرێت بۆ هیچ دەزگایەکی پ ل ک.
3. لایەنگر: ئەندامی لایەنگر، ئەو ئەندامەیە کە باوەڕی بە پارتی لیبرالی کوردستان هەیە و پشتی دەگرێ و دەنگی دەداتێ. ئەندامی لایەنگر مافی هەیە ئاگاداری کاروباری پ ل ک بێت، بەڵام نەمافی دەنگدان نە هەڵبژاردنی هەیە و بۆی نییە بەشداری کۆبوونەوە داخراوەکانی رێکخراوەکان بکات.

ئەرکەکانی ئەندام

1. بۆ بەدیدهێنانی ئامانجەکان پ ل ک تێبکۆشێت.
2. بەپێی پەیرەوی ناخۆ، پەیرەویی دیسیپلینی پارتەکە بێت.
3. بەردەوام خەریکی بەرزکردنەوەی پلەی وشیاریی رامیارییو کۆمەڵایەتیو ئابووریی خۆی بێتو بێوچان هەوڵی پێشخشتنو پێگەیاندنی خۆی بدات.
4. بە هەموو تواناوە هەوڵی یەکگرتووییو پتەویی پارتەکە بداتو خۆی دووربگرێ لە دژایەتییو ناکۆکی نانەوەو دەستەگەریی.
5. بەوپەڕی دڵسۆزییو لە خۆ بردووبییەوە بۆ بە جێگەیاندنی ئەرکە پێ سپێردراوەکان تێبکۆشێت.
6. پەیامی پ ل ک، بەرێتە ناو کۆمەڵانی خەڵکو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەهێزکاتو لە بیروڕای کوردستانیانی ناو کوردستانو هەندەران کەڵک وەربگرێت.

**تێبینی:** ئەو کەسانەی کە پشتیوانیی پ ل ک دەکەنو پەیوەندیی لەگەڵ ئۆرگانەکانی پارت دەکەن، بەڵام هەموو ئەرکەکانی ئەندام بەجێ ناگەێنن، بە لایەنگری پارتیمان دەناسرێن.

مافەکانی ئەندام

1. مافی دەنگدان، خۆپاڵاوتن، هەڵبژاردن هەیە لە ئۆرگانەکانی پارتدا.
2. بەرانبەر بە هەموو ئۆرگانەکانی پارت مافی پێشنیارکردنو رادەربڕینو رخنەگرتنو لێپرسینی هەیە.
3. لە هەموو ئۆرگانێک لای ئۆرگانی سەروتر سکاڵا بکات.
4. لە هەر کۆبوونەوەیەکی ئۆرگانی خۆیدا کە بە مەبەستی بڕیاروەرگرتن بییەوێت تێکۆشانی رامیارییو پارتایەتی خودی ئەندامەکە هەڵسەنگێنێت، بەشداربێت.

سزادانی ئەندام

ئەو ئەندامانەی کە کارو ئەرکی پێسپێردراویان بەجێ ناگەێنن، یان بە پێچەوانەی پەیرەوی ناوخۆی پارت دەجووڵێنەوە. یان سوود لە پارت وەردەگرن بۆ بەرژەوەندیی کەسیی خۆیان، یان کرداری وا دەنوێنن کە ببێتە هۆی چاندنی تۆوی ناکۆکیو شێواندنی پارت، یان کردەوەیەک ئەنجامدەدەن کە زیان بە جێگاو رێزی پارت دەگەێنێ، بەپێی رادەی تاوانەکەیان لەلایەن دەزگای رێکخستنەوە سزا دەدرێن. سزاکان بریتین لە :

1. سەرکۆنە بەدەم.
2. سەرکۆنە بە نووسراو.
3. لێ سەندنەوەی بەرپرسیاریەتیو دەسەڵات.
4. هەڵپەساردن.
5. دەرکردن لە پ ل ک.

بەندی چوارەم: کۆنگرە

1. بەرزترین ئۆرگانی پ ل ک کۆنگرەیە.
2. کۆنگرە چوار ساڵ جارێک، بۆ ماوەی هەفتەیەک، بە بەشداریی ئەندامانی سەرەکیو جێگری ئەنجومەنەکانو کۆمیتەکانو نوێنەرانی کۆمەڵەکان و هەرێمەکان پێکدێت.
3. لە کاتێکدا ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بە پێویستی زانی دەتوانێ بانگهێشتی کۆنگرەیەکی نائاسایی بکات.

ئەرکەکانی کۆنگرە:

1. راپۆرتی ئەنجومەنی بەڕێوبردن هەڵدەسەنگێنێو بڕیاری لەسەر دەدات.
2. بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆی پ ل ک پەسەند دەکاتو ئەگەر پێویست بوو دەسکاریان دەکات.
3. رێبازی گشتییو رەوتی کاری پ ل ک بۆ 4 ساڵی داهاتوو دیاریدەکات.
4. هەڵوێست بەرانبەر بەو سەرنجو پێشنیارانە وەردەگرێت کە لەلایەن ئەندامانەوە پێشکەش دەکرێن.
5. ئەندامانی سەرەکیو جێگرانیان بۆ ئەنجومەنی بەڕێوەبردن هەڵدەبژێرێ.
6. سەرۆکی پارتی لیبرالی کوردستان هەڵدەبژێرێت. سەرۆکی پارتی لیبرالی کوردستان، بە گوتەبێژی پارت دەناسرێت.
7. ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی دارایی پ ل ک هەڵدەبژێرێت.

بەندی پێنجەم : ئەنجومەنی بەڕێوەبردن

1. لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بەرزترین ئۆرگانی بەڕێوەبردنی کاروباری پارتی لیبرالی کوردستانە.
2. ئەنجومەنی بەڕێوەبردن کاروباری پ ل ک بە پێی پەیرەوو پروگرامو راسپاردەکانی کۆنگرە بەڕێوەدەبات.
3. ئەنجومەنی بەڕێوەبردن لە 35 ئەندام پێکدێت.
4. ئەنجومەنی بەڕێوەبردن یەکێ لە ئەندامەکانی بە سکرتێری پ ل ک هەڵدەبژێرێت. کە جێگری گوتەبێژی پارتی لیبرالی کوردستان و بەڕێوەبەری دەزگای رێکخستنە.
5. ئەنجومەنی بەڕێوەبردن یەکێ لە ئەندامەکانی بە جێگری سکرتێری پ ل ک هەڵدەبژێرێت.
6. ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، بەڕێوەبەرانی کۆمیتە کارگوزارەکان هەڵدەبژێرێت، بڕوانە بەندی نۆیەم.
7. ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، لانی کەم ساڵی 4 جار کۆدەبێتەوە.
8. کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بە بەشداربوونی دوو لەسەر سێی ئەندامانی رەوایی پەیدادەکات. بڕیارەکانی لە کاتێکدا رەوان کە پتر لە نیوەی ئەندامانی بەشداربووی کۆبوونەوەکە دەنگی پێبدەن.
9. ئەنجومەنی بەڕێوەبردن خاوەن چەند کۆمیتەو کۆمیسیۆنێکی راوێژکارانە دەبێت.

A. کۆمیتە راوێژکارەکانی بوارە رامیاریەکان، بوارە کۆمەڵایەتیەکان، بوارە ئابووریەکان:
هەر یەکێ لەم سێ کۆمیتەیە لە 10 ئەندامی پسپۆر پێکدێت. ئەم کۆمیتانە لە سەر داوای ئەنجومەنی بەڕێوەبردن لێکۆلینەوەی تایبەت بە بابەتە داواکراوەکان ئامادەدەکەن.
B. کۆمیسیۆنی پروگرام:
لە 10 ئەندامی پسپۆر پێکدێت. ئەم کۆمیسیۆنە بەردەوام خەریکی دادو ستانو شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئایدیۆلۆجی دەبێت، بە مەبەستی نۆژەنکردنەوەی پەیرەوو پروگرامی پ ل ک.
C. کۆمیسیۆنی نۆژەنکردنەوە:
لە 10 ئەندامی پسپۆر پێکدێت. ئەم کۆمیسیۆنە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەو راپرسیی بەردەوامەوە پێشنیاری تایبەت بە نۆژەنکردنەوەی رامیاریی پ ل ک پێشکەش بە ئەنجومەن دەکات.

بەندی شەشەم : دەزگای ڕێکخستن.

1. راسپاردەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، لەلایەن دەزگای ڕێکخستنەوە جێبەجێدەکرێن.
2. دەزگای ڕێکخستن لەلایەن سکرتێری پ ل ک بەڕێوەدەبرێت.
3. دەزگای ڕێکخستن لە کۆمەڵێ کۆمیتەی کارگوزار پێکدێت. ژمارەی کۆمیتەکان بەپێی بڕیاری دەزگای ڕێکخستن دەشێ بگۆڕدرێت.
4. بەڕێوەبەری کۆمیتەکان، ئەندامی دەزگای ڕێکخستنی پارتن.
5. بەڕێوەبەرانی کۆمیتەکان، گوتەبێژی کۆمیتەکانن.

کۆمیتە کارگوزارەکان:
1) کۆمیتەی کاروباری رامیاری.
2) کۆمیتەی کاروباری کۆمەڵایەتی.
3) کۆمیتەی کاروباری ئابووری.
4) کۆمیتەی پەیوەندیە کوردستانیەکان.
5) کۆمیتەی پەیوەندیە جیهانیەکان.
6) کۆمیتەی هاوسانی.
7) کۆمیتەی دادگوزارییو مافی مرۆڤ.
8) کۆمیتەی پەروەردەو زانست.
9) کۆمیتەی هونەرو وێژە.
10) کۆمیتەی راگەیاندنو مێدیا.
11) کۆمیتەی ژینگە.
12) کۆمیتەی تەندروستیی .
13) کۆمیتەی خوێندکاران.
14) کۆمیتەی ڕێکخستن.

بەندی حەوتەم : کۆمیتەکارگوزارەکان.

1. کۆمیتەی کارگوزار، دەزگایەکی بەڕێوەبەرایەتییە و بەشێکە لە دەزگای ڕێکخستنی پ ل ک.
2. بەڕێوەبەری کۆمیتەی کارگوزار لەلایەن ئەنجومەنی بەڕێوەبردنەوە دەسنیشاندەکرێت.
3. بەڕێوەبەر و ئەندامانی کۆمیتە کارگوزارەکان دەبێ پسپۆر و شارەزای بواری کاری کۆمیتەکەبن.
4. هەرکۆمیتەی لە 15 ئەندام پێکدێت.

5. ئەندامانی کۆمیتە کارگوزارەکان، لەلایەن بەڕێوەبەرانی کۆمیتەکان و ڕێکخراوەکانی هەرێمەوە پێشنیاردەکرێن.
6. ئەندامانی کۆمیتەکان لەلایەن سکرتێری پارتی لیبرالی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێن.

ئەرکی کۆمیتە کارگوزارەکان:

1. ئامادەکردنی بابەتی تایبەت، بۆ بڕیاردان لەلایەن ئەنجومەنی بەڕێوەبردنەوە یاخود بەڕێوەبەرایەتی دەزگای ڕێکخستن.
2. جێبەجێکردن و بەدواداچوونی بڕیارەکانی دەزگای ڕێکخستن.
3. بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی کۆمیتەکە و بڕیاردان لە چوارچێوەی سنوورەکانیدا.

بەندی هەشتەم : ئەنجومەنی پیران

1. ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، یاخود سەرۆکی کۆمیتە کارگوزارەکان، کە کۆتایی بە ماوەی کاریان دێت، ڕاستەوخۆ دەبنە ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی پ ل ک.

ئەرکی ئەنجومەنی پیران:

1. ئەنجومەنی ئەنجومەنی پیران، ئەنجومەنێکی ڕاوێژکارە بۆ ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و کۆمیتە کارگوزارەکان.

بەندی نۆیەم : بەڕێوەبەرایەتی دارایی

1. کۆنگرە 3 ژمێریارو 3 جێگر هەڵدەبژێرێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباریی دارایی پ ل ک.
2. ژمێریاران کۆنترۆلی خەرجی ئەنجومەنەکانی بەڕێوەبردنو کارگوزاریی دەکەن.

بەندی دەیەم : کۆمیتەکانی هەندەران

1. پ ل ک لە هەر یەکێک لە وڵاتە کوردستانی نشینەکانی هەندەران کۆمیتەیەک دادەمەزرێنێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری پارتەکە لەو وڵاتەدا.
2. هەر یەکێ لەم کۆمیتانە لە 5 ئەندام پێکدێت.
3. هەر کۆمیتەیەک نوێنەرانی خۆی بۆ ئەندامایەتی کۆنگرە هەڵدەبژێرێت.
4. کۆمیتەکان بە ناوی وڵاتەکان دەناسرێن.
5. کۆمیتە خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پ ل ک دەکات.

بەندی یانزەم : ڕێکخراوەکانی پ ل ک.

1. سەرەکیترین ڕێکخراومان کۆمەڵەیە. ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەیەک نابێ لە سێ ئەندام کەمتربێت.
2. ڕێکخراوەکانی پارتمان، لە دێ، کۆمەڵەی دێ، لە شارۆچکەو شاردا کۆمەڵەی شار.

3. ئەرکی کۆمەڵەکان بریتییە لە بڵاوکردنەوەی پەیامی پ ل ک، بەڕێوەبردنی کاروباری ڕێکخراوەو نواندنی چالاکی کۆمەڵایەتی.
4. سەرەکیترین ڕێخراومان لە سنووری هەرێمێکدا، ڕێکخراوی هەرێم دەبێت. ڕێکخراوی هەرێم بەرزترین ئۆرگانی پ ل ک لە هەرێمێکدا و بەرپرسیارە لە جیبەجێکردنی بڕیارەکانی دەزگای ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری پلک و سرپەرشتیکردن و ڕێکخستنی کاروباری کۆمەلەکانە لە سنووری هەرێمەکەی خۆیدا.
5. کۆمەڵەی ئافرەتان، لاوانو خوێندکاران لە گشت ناوچەکان دادەمەزرێو پەیوەستی کۆمیتە کارگوزارە تایبەتەکانیان دەبن.
6. بەڕێوەبەرایەتی هەر ڕێکخراوێک لەلایەن ئەندامانی خودی ڕێکخراوەوە یان نوێنەرانیانەوە هەڵدەبژێردرێت.
7. بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێک، کۆنفرانسی خودی ڕێکخراوەکەیە، کە سێ ساڵ جارێک دەبەسترێت.

بەندی دوانزەم : داهاتی پارت

1. داهاتی پرۆژە ئابووریەکانی پ ل ک لە دەرەوەو ناوەوەی وڵات.
2. ئابوونەی ئەندامان.